تایبەت نامە ٢

# سێهەمین مێهرەجانی
## شانۆی کوردی



سەقز : خەرمانانی ١٣٨٠ی هەتاوی

تومیدکامپیوتر ٣٣٠٨٣

Scanned with CamScanner




## سەروتار

### سێهەمین هەنگاو

. . . بە حەسرەتێکی زۆر و ترس و لەرزێکی شیرینەوە سێ هەنگاومان هەلگرت، بەو هیوایەی بگەینە ئاکامێکی پیرۆز و جێی رێز.

هۆشیارانەتر ئەوەیە دوای سێ ساڵ ئاورێك بدەینەوە و بە شێوەیەکی بیرمەندانە و زانستیانە بکەوینە لێکۆڵینەوە، بزانین تا چ رادەیەك لە خەون و خەیاڵە چاوەڕوانکراوەکانمان نزیك بووینەتەوە. ئاخۆ ئەم سێ هەنگاوە ئەتوانن ببنە بنەمایەکی پتەو بۆ دامەزرانی شانۆی کوردی بە مانا بەربلاوەکەی؟ خۆمان وەك ئەندامێکی کۆمەلگەی کوردەواری بەو قەناعەتە گەیشتووین کە شانۆی کوردی یەکێ لە پێویستیەکانی ژیانی فکری و رۆشنبیری کۆمەلگا و مرۆڤە؟ هەروەها تا چ رادەیەك توانیومانە کێشەی شانۆی کوردی بکەینە کێشەیەکی بەر بلاوی فەرهەنگی نێوان شانۆکاران و خەلك بە هەموو چین و توێژە فکرییەکانەوە؟

بەرپرسی گشتی: عەبدولخالق عبادی
دەستەی نووسەران: هادی یەزدانی
رەزا شەجیعی
مەنسوور تەیفووری
زاهید ئارمی
وێنە: بایز ئەفرووزی،ئارام سالح زادە
راپۆرت: فەرهاد حامدی
پیتچن: ئیقبالْ رەشیدی
رووبەرگ: فەرهاد حامدی - ئیقباڵ رەشیدی

## «شانۆ و میتۆلۆژی»

رەحیم عەبدولرەحیمزادە

ریشەی هاوبەشی لە سەرەتای مێژووە تا ئەمڕۆ، لە نەریتە ئایینیەکانەوە تا شانۆی ئاوانگارد «جووڵەیە». بزووتن نەك هەر رۆحی شانۆ بەڵکوو جەستەی شانۆشە. کە وا بوو زمانی هاوبەشی شانۆ جووڵەیە کە وێنە بەدی دێنێ و وێنە دەبێتە سەرەکیترین هۆی پەیوەندی.

هەر جووڵەیەك لە کاری شانۆدا پەیوەندییەکی دەلالی هەیە و کەسێك دەتوانێ پێ بنێتە ناو ئەم جیهانەوە کە لە گەڵ سەرەکیترین قەراردادی پەیوەندی مرۆڤ واتە جووڵە و «ئاماژە» ئاشنابێ.

ئەم ئاماژە و جووڵانە کە گشتیترین پێداویستییەکانی مرۆڤ دەگرنە خۆ، بە پێی سیستەمی فەرهەنگی هەر گەلێك خاوەنی هێندێ دەلالەتی نوێتر و ئاڵۆزتر دەبن و سیستەمێکی هێمایی تایبەت بەو فەرهەنگە ساز دەبێ. کە وا بوو من کاتێك دەتوانم لەگەڵ کاتاگالی هێنددا بم، کە هێما و قەراردادەکانی تایبەتی ئەو شانۆیە بناسم. ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم سیستەمە هێماییە کە هەڵقوڵاوە لە نەریتە گشتیەکانەوە هەر بینەرێك لە بەرامبەر خۆیدا رادەگرێ و پێناسەی خۆی پێشکەش دەکا.

شانۆ لە رەگەزدارترین شێوەیدا وەك مۆسیقا دەنوێنێ. واتە لە هەمان کاتدا کە وەرگرەکەی لە هەر نوێژێك بێ دەتوانێ چێژی تایبەتی خۆی لێ وەرگرێ یان هەر هیچ نەبێ کاردانەوەیەکی لە بەرامبەریدا هەبێ، کەسێك کە ئاشنا بە رەمزەکانی بێ دەتوانێ پەیوەندییەکی قوڵتری لە گەڵدا سازکا یان وەك سەما، سەمای هەرگەلێك لەگەڵ ئەو چێژە بەسەرییەی کە هەیەتی خاوەنی هێندێ رەمزی میتۆلۆژیکە.



بەڵام هیچ نەریت و ئایین و میتۆلۆژیایەك خۆی بە تەنیا شانۆ نییە. ئایین تەنیا هێزێکی گشتی و پوتانسیەلێکی بەکۆمەڵە، بەڵام بەشێکی گرینگی شانۆ تاك بوونە. ئەو تاك بوونەی کە ئەکتەرێك دەیدا بە دەورەکەی یان ئەو تاك بوونەی دەرهێنەرێك دەیدا بە دەق.

شانۆ پێش گەیشتنی تاك و کۆیە و پەیوەندی نێوان شانۆ و میتۆلۆژی، پێك گەیشتنی ژیان و میتافیزیکە.

گرۆتۆفسکی هیچ کات کاتاگالیی دووپات نەکردەوە، بەڵکوو بە هۆی کاتاگالیەوە قودسیەتی ون بووی شانۆی دیسان پێ بەخشیەوە. «ئارتۆ» شانۆی بالیی جاوەی هیچ کات لە کارەکانی خۆیدا نەهێناوە، بەڵکوو شانۆی گەڕاندەوە بۆ کەشفی سەر لە نوێی ئەو ئامرازە گرینگەی وا ونی کردبوو واتە وێنەی شانۆیی.

ئەم نووسراوەیە تەنیا وڵامێکی کورت بوو بەو پرسیارەی کە شانۆ گەری کوردی ئەمڕۆ لە بەرامبەریا راوەستاوە:

«چۆن دەتوانین پێناسەیەك بۆ شانۆی کوردی دابین بکەین»؟

Scanned with CamScanner



# گوزارەی شانۆی کوردی

رەزا عەلیپوور

**شانۆ بەلای منەوە ئیرادەی ئەونەتەوەیە
کە خەون بە گۆڕینی واقیعەوە دەبینێت**

گوزارەی «شانۆی کوردی» ئەو گوزارەیە کە خوازراو و نەخوازراو، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەڵگرسێنەری هەندێ پرسیارە، ئەو پرسیارانەی کە بۆ ئەوە دەڕۆن تا بونیادی ئەم گوزارەیە هەڵوەشێننەوە و بیکەنە نیشانەیەک و دالێک کە لە خۆیدا قەتیس بێت، ئەو نیشانەیە، یا خۆ دژە نیشانەیەکە ناتەقێتەوە و خونساوە دەمێنێت. ئەو دالەی کە نابزوێ بۆ مەدلوولێکی دیکە، یان دریدا و تەنی بۆ دالێکی دیکە. لێرەدایە کە دەرکەوتەی ئەم گوزارەیە دەرکەوتەیەک نییە بۆ دالی «شانۆی کوردی».

ئایا شانۆی کوردی بوونی هەیە؟ ئایا پێویستە شانۆی کوردی بوونی ببێ؟ ئەو سیستەمە دەلالی و ماناییانەی کە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بە شانۆیەک بڵێین شانۆی کوردی کامانەن، یان وا مانلێدەکات کە بیر لە گوزارەیەک وەک «شانۆی کوردی» بکەینەوە؟ بە زمانێکی سادەتر تایبەتمەندی و رەگ و ریشەکانی کامانەن، تا هەڵتەکاندن و خۆ لە رەگ و ریشە دەرباز کردن لەوێوە دەست پێبکەین؟

رەنگە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو بار و دۆخەی کە وەک جیهانیبوون، سڕینەوەی شوناسە لاوەکی و پەراوێزییەکان خۆی نیشان ئەدا و لەگەر خۆمان بدەینە دەست ئەو شەپۆلەی کە یەکسەر لە هەمبەر ئەم دیاردانەی کە مەبەستیان وەکوو یەککردن و هاوشێوە کردنە، هەڵڕسکاو بووە و خۆی دۆڕاندووە باسکردن لە شانۆی کوردی بێ مانا دەبێتەوە.

بەڵام با لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە بیر لە شانۆی کوردی بکەینەوە و پرسیاری ئاراستە بکەین. ئەمە لە تایبەتمەندیی زۆربەی کۆمەڵگاکانە کە بە شوێن بە هی خۆ کردنەوەوەیە و لەو کۆمەڵگایانەش وەک کۆمەڵگای ئێمە، ئەم بە هی لەخۆکردنە، بەساکارترین و ساناترین شێوە سەردەگرێ و لە لای ئێمە ئەم پرۆسەی بە هی خۆ کردنە، یان خۆماڵیکردنە، بە پاشگرێک وەک چەمکی «کوردی» ئەنجام دراوە؛ رۆمانی کوردی، رەخنەی کوردی، سینەما و شانۆی کوردی و ... ئەگەر چەمکی رۆمان، رەخنە و شانۆ و ... وەک چۆنایەتی لە بەرچاو بگرین و هەرکامیان خاوەن مێژوو «تایبەتمەندی» و ئێستەی خۆیان «شوناس» بن، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چەمکی «کوردی» دەبێ چۆن وزەیەکی تێدا بێت و کام ئەرکی پێ سپێردرابێت کە تایبەتمەندی خۆی «کوردی بوون» بە شانۆوە بنێت؟ ئەمە لە کاتێکدایە کە شانۆ لە تایبەتمەندییەکانی ئێمە نەبووە جیا لەو هات و هاوارانەی کە لە لایەن لۆمپەنەکان و کارگێڕەکانی وەهم، بە شوێن شانۆی کوردیدا، خۆیان دەگەیەننە ئاستێکی گاڵتە جارییانە و هەموو شتێک وەک داب و نەریت دەخەنە سەر پێشینەی شانۆی کوردی! - لە ئێستەشدا شانۆی کوردی نەیتوانیوە شوناسێک بۆ ئەم چەمکانە کە خۆیان شوناسی خۆیان لە گەڵ خۆدا هەڵگرتووە دابین بکات. ئیدی دیارە چۆنایەتیش دەبێتە ئەو پانتاغیابییە کە مرۆڤی کورد، تەنانەت لە خەونیشیدا توانای بە ئامادەکردنی ئەم غیابەی تا ئێستا نەبووە.


خۆماڵیکردن ئەو هەوڵەیە کە دەتوانێ و پێویستە بەرەو سازکردنی شوناس «هویت» بڕوا. بێگومانم لەوەی کە کەڵکەڵە و ساز بوونی گوزارەیەکی وەک شانۆی کوردی، بە توندی گرێدراوی خەونی چێکردنی شوناسە. لەم ساتە وەختەی ئێمەشدا

ئەمە هەوڵێکی پیرۆز و پێویستە کە خەونی سازکردنی شوناس و بزووتن بەرەو لای چۆنایەتی بێنە لەو خەونەی کە ئارادەیەکی زۆر گارانتی (تضمین) بوونی ئێمەیە وەک نەتەوە. شوناس پێوەندی بە « Theother» دیگری»وە هەیە و لە بەرامبەر «ئەوی دی»دا ساز دەبێ. شوناس لە ڕێگەی جیاوازی و لێکنەچوونەوە و لە ڕێگەی ساز کردن و درووست کردنی وێنەکانی خود لە کەسان و ئەوانیترەوە دێتە بەرهەم، بەڵام دەبینین کە کورد ئەو خودە نەبووە کە بتوانێ پرۆسەی وێنەساز کردن لە ئەوان و، لە وێشەوە چێکردنی شوناس بەدی بێنێت! **ئەگەر شانۆی کوردی بخەینە بەر سەرنج تێدەگەین کە ئەو ئێلمان و پارامێترانەی کە شانۆیەک خۆماڵی دەکاتەوە نەیتوانیوە لە لای ئێمە بەرجەستە بنەوە** ـ چ بە شێوەی فۆڕمیک و چ بە شێوەی ناوەرۆکی ـ. شانۆ لە لای ئێمە جیا لەوەی بە پاڕامیتری سەلبی و نێگەتیڤ؛ وەک دەقی لاواز، دەرهێنەری و ئەکتەری و ... لاواز و سەر لێشێواو و تەقلیدیانە ـ بناسرێتەوە نەیتوانیوە شوناسی پوزەتیڤ و تایبەت بۆ خۆی دەستەبەر بکا. تەنانەت زۆرجار هەڵسووڕانی ئەم هونەرە، بە خۆ بەستنەوە بە چەمکی «کوردی»یەوە؛ دەبنە هۆی ئیفلیج بوونی خودی شانۆیش. لێرەدا خۆماڵیکردن، لە واقیعێکدا روو ئەدا کە واقیعەکە بەردەوام رووی لە رابردوو بووە و بیری لە ساز کردنی شوناس و چۆنایەتی نەکردۆتەوە و پێ لەسەر رەسەنایەتی دادەگرێ. لێرەوە پرۆسەی خۆ ماڵیکردن دەبێتە ئەو ئەفسانەیەی کە لە جێی ئەوەی هونەرێک وەک شانۆ، دژ بەو واقیعە بێ شوناس و چۆنایەتییە ئەوماڵایەی بەختیار عەلی) بکاتەوە، دەیکاتە پاشکۆی واقیع، خەونی گۆڕینی واقیع و ساز کردنی شوناس و چۆنایەتی دەگۆڕێتەوە بە خەونی فەرامۆشکردنی رۆڵ و بوونی خۆی و سەلماندنی واقیع. من پێم وایە ئەوەی کە زۆرجار بە ناوی خۆماڵیکردن و لێرەشەوە خۆماڵیبوونەوە باسیدەکەین «ڕێبین هەردی» وتەنی تەنیا خورافەتێکە کە بێکەڵکی و ئیفلیج بوونی لە پشتەوە دەشارینەوە، خۆماڵیبوون لە لای ئێمە بانگەشە نییە بو داهێنانی راستەقینە بەڵکوو بیانوویەکە بۆ نەبزووتن و داپۆشینی نەتوانایەکانی خۆمان، ئەوەی لە لای ئێمە بە شانۆی کوردی ناوی دەبەین نەتەنیا کوردی نییە بەڵکوو زۆرجار شانۆیش نییە و تەنیا وەهمی شانۆ و شانۆی کوردییە. من لە سەر ئەو بڕوایەم موشکیلەی ئێمە لێرەدا تەنیا نەبوونی «شانۆی کوردی» نییە، بەڵکوو نەبوونی شانۆیە بە مانا جیهانییەکەی. لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم کە هەوڵدان بۆ سازکردنی شانۆی کوردی هەوڵێکە جێگەی ستایش و رێز، بەڵام دەبێ تەنیا قەناعەت بەوە نەکرێت کە کاتێک دەقێک بە زمانی کوردی نووسرابێت و کارگێڕان و ئەندامانی کورد بن یان سەبارەت بە مەسەلەیەکی کورد بێت بە شانۆی کوردی دابنێین. رەنگە شانۆ نامەی کوردیمان بێ ـ بەڵام شانۆی کوردی تەنیا بەرهەمهاتووی شانۆنامەی کوردی نییە! کە بوونی شانۆنامەی کوردیش دیسان باسی لەسەرە. بۆچی شانۆی کوردیمان نییە؟ ئەمە پرسیارێکە لە مێژوو و کەلتوورێک کە نەیتوانیوە شانۆ بەرهەمبهێنێت. شانۆ بەلای منەوە ئیرادەی ئەونەتەوەیە کە خەون بە گۆڕینی واقیعەوە دەبینێت، کورد ئەو هێز و ئیرادە بەرهەمهێنەرەی نەبووە، یا با بڵێم کورد نەیوێراوە جارێکیتر چاو لە واقیعی خۆی بکاتەوە و لێیان رابمێنێ، نەیوێراوە چاو لە واقیع و نەستی واقیع و ژیانی خۆی ببڕێت ـ مەبەست لە سەرنجدان و گۆڕینی واقیع بە مانای ریالیسم و شتگەلی لەو جۆرە نییە؛ مەگەر ئەوەی بەزەینێکی پەککەوتەوە بۆ ئەم باسە بڕوانین ـ.

ئێمە بەردەوام لە جێگەی گۆڕینی واقیع و سەیر کردنی هەموو رەهەندەکانی ژیان و هەستی ـ ئێستە بە یارمەتی و لە ناخی هەر روانگە و شێواز و سەبکێکەوە بێت ـ لە واقیع هەڵهاتووین و نەمانوێراوە بەرەو رووی ببینەوە. ئەوەی کە دەگەمە ئەوەی بڵێم شانۆ پێوەندی بە «وێران»ەوە هەیە.

ئەمەش بوەستێت کە ئێمە تووشی فەقرێکی فیکری و فەلسەفی هەین.

• بەشێکی ئەم وتارە لە وتارێکی بڵاو نەکراوەم کە لە «دەق»ی ژمارە دوودا بڵاو دەبێتەوە وەرگرتووە.



# ژن، کۆمەڵگا و شانۆی کوردی

شەهابەدین شێخی

## ژن لە کۆمەڵگادا

ژن بوونەوەرێکی نەناسراو و پێناسە نەکراوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا. ئەگەر وەک کۆمەڵناسەکان باسی دەکەن، دوو کۆمەڵگای سوننەتی و مۆدێرن لە یەک جیا بکەینەوە دەبێ ئاماژەێکیش بکەین بۆ پێناسە کردنی ژن لەم دو کۆمەڵگایەدا.

جیا لە زەمەنە کەونینەکان و ئەو دۆخە لە ژیانی مرۆڤ کە شێوەی بەرهەم هێنان (شیوەی تولید) لە سەر ئەرک و توانای ژن بووە و بەم بۆنەشەوە کۆمەڵگا ئێقتدار و دەسەڵاتی بە ژن سپاردبوو. ئەم دەسەڵاتە و ئێقتدارەش تا ئەو شوێنە گەیشتبوو کە تەنانەت لە ژیانی جنسی و بنەماڵەدا ئەوەی کە باو بوو بنەماڵەی فرەشوویی (مێردی) (چند شوهری) بوو و هەر بۆیەش مرۆڤ بە دایکەوە دەناسرا و ئەو خولە لە ژیانی مرۆڤ بە زەمانی دایک سالاری دەناسن و ... بەڵام کە شێوەی بەرهەم هێنانی ئابووری گۆڕدرا و ئەمجار پیاو بوو بە خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنان، ئێقتدار و دەسەڵاتیش گوێزرایەوە بۆ دەسەڵاتی پیاو و هەر ئەو ژیانە بنەماڵەییەش کە ئاماژەی پێکرا گۆڕدرا و بوو بە بنەماڵەی فرە ژنی (چند همسری) و رەگەز و بەرەی مرۆڤ بە باوکەوە ناسرا. بەم گۆڕانکاریە مێژوێکی درێژ خایەن لە مێژووی ژیانی مرۆڤ دەبێتە شوێنگە و زەمەنی دەسەڵاتی پیاو، لەم مێژوەشدا دەبینین کە پیاو هەستی و بوونی بە شتێک لە مرۆڤ (نیوەی واتە ژن) دەداتە دەس «خواستی مەیل و بیر چونەوە». ژن تەنیا بەو جۆرەی کە پیاو دەیەوێت و بەکەڵکی پیاو دێت پێناسە دەکرێت. بێجگە لە مەش، مرۆڤ لە کۆمەڵگای سوننەتیدا بە زۆری بوونەوەرێکی تاک رەهەندییە و واتە ژنیش ... بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرندا مرۆڤ بە رەهەندە جیاوازەکانیەوە پێناسە دەکرێ بەڵام پیاو دەیەوێ ژن هەروەک بونەوەرێکی تاک رەهەند بهێڵێتەوە و ئێستاش باس لەو رەهەندە دەکەین کە پیاو دەیەوێت:

لە گەڵ سەر هەڵدانی دونیای مۆدێرندا و فەلسەفەکانی مۆدێرنیتی کە جیهانبینی ئینسان سەبارەت بە ئینسان و سروشت دەگۆڕدرێ یەکێ لە بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی ئەم جیهانبینەش ئۆمانیسم (Humanism) و مرۆڤ باوەڕیە و بونیادی ئەم فەلسەفەش بڕوا هێنانە بە کەرامەتی ئینسان و هیچیتر، خاڵی لە هەر شتێکی دەرەوەی ئینسان، جا کە گەیشت بەم باوەڕە مرۆڤ بیری لەوە کردەوە کە بەشێک لە مرۆڤ بە درێژەی مێژوو وەک مرۆڤ و بە بایەخی ئینسانیەوە غایب بووە و هەر هەست کردن بەم غیابە بوو کە بزوتنەوەگەلێکیتر وەکوو فیمینیسم سەری هەڵدا و کەوتە دوی مافەکانی ژن، دەبێ بڵێم من لە سەر ئەو بڕوایەم کەفیمینیسم بزوتنەوەێکی ئینسانیە نەک بزوتنەوەێکی «جنس‌خوازانە» (Sexualism)[1] **واتە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ئینسان ئاوڕی لە مێژووی پیاوانەی خۆی دایەوە و شەرمەزار بوو و هەوڵی دا (بە زۆری ئەم هەوڵ و تێکوشانانە لە لایەن ژنانەوە بوو) کە لای قورسی تەرازوەکە بەرزکاتەوە و کەوتە شوێن مافەکانی نیوەی مرۆڤ واتە ژن. گەرچی ئەم تێکوشانانە رێگەی هەڵەیشی پێواوە بەڵام لەم دەرفەتەدا باس کردن لە هەڵەکانی فیمینیسم (بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ژنان (Feminism) ناگونجێت. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم کە پیاوەکانیش هێمن دانەنیشتن و تاکوو لە توانایاندا بوو لە بەرانبەر ئەم بزووتنەوانەدا بە سمێڵی پیاوانە و هێزی بازوویانەوە**

---

[1] - سکچوالیزم یان سکسیزم (Sexism)، ئەو رەفتار و کردەوانەن کە لە سەر بنەمایەکی لایەنگرانەی جنسیەتی کە بەرانبەر بە ژن یان پیاو تەبعیز دابنێن.

وەستان. هەڵبەت لەم دادگایەدا تەنیا پیاو تاوانبار نییە و ژنیش ئەگەر نەک بە ئەندازەی پیاو، بەشی خۆی تاوانبارە ... !؟

ئەگەر پاش ئەم پێشەکیە بێینە سەر روانینی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە دەبێ دیسانەوە لە غیابی ژن وەکوو ژن لە کۆمەڵگادا و بە پەیرەوی ئەویش لە شانۆدا باس بکەین. ئێمە هێشتا لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە بڕوای بە ژن وەکوو بوونەوەرێکی جیاواز و سەربەخۆ لە پیاو نییە. بەڵکوو لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژن بە چاوی دەسکردێک بۆ لەززەت و شەهوەت و ژیانی پیاو دەبینرێت. پیاوانێک کە ژن لە ماڵی خۆیدا وەک بوونەوەرێکی پێمل، ئیتاعەکەر، فەرمانبەر و سەرداخستوو دەوێت و لە دەرەوەی ماڵی خۆیشی چی ژنی جیهانە بە فریشتەی خەون و ئامانجی حەز و لەززەت و هەوەسی خۆی. کۆمەڵگایەک کە پیاو خاوەنی دەسەڵاتەکەیەتی ژن تەنیا وەک بوونەوەرێک دەبینێ کە خولقێنراوە بۆ ئەوەی پیاو لە بوونی ئەو حەز بکات و لەززەت ببات. هەر بۆیەش ژن لە پرۆسەی «کومەڵایەتی بون»ەوەدا (Socialization)[1] ـ کە بایەخ و باوەکان خولقێنراوی پیاوە ـ بڕوا بەوە دێنێت کە ئەو بۆ ئەوە خولقێنراوە کە ساتەکانی لەززەتی پیاو پڕ بکاتەوە،

ئەم پرۆسەیەش هەروەک وترا لای ئێمە ئەوەیە کە ژن وەک ئامرازی لەززەت پەروەردە، دەکات، شتێک وەک ئەسبابی ماڵی باووک یان شوو. بۆیە ژنانیش وەک مارکس دەڵێ لە زانیاری هەڵەدا (آگاهی کاذب) ئەرک و چالاکی خۆیان هەر لەو بوارەدا بە ڕێوە دەبەن. جا نێوی ئاوەها کۆمەڵگایەک دەتوانین بنێین چی بێجگە لە «کۆمەڵگای هەوەس»؟!

کۆمەڵناسەکان سەبارەت بە کۆمەڵناسی هونەر لە سەر ئەو باوەڕەن کە کۆمەڵناسی هونەر بە دوای «رەنگدانەوەی میکانیکی» دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە بەرهەمی هونەریدا ناگەڕێن، بەڵکوو بە شوێن رەنگدانەوەی دیالێکتیکی ئەو دیاردە و بوونیادە کۆمەڵاتیانەدان. هەر بویە دەتوانین بڵێین کە ئەرکی کۆمەڵناس دەربارەی «هونەر» و ئەدەب ئەوەیە هەوڵی دەرخستنی ئەو هۆیە بێت کە کام بونیادی زەیینی کۆمەڵگاوە بنە هۆی بەدیهێنانی کامە بونیادی جوانناسی. جا ئەگەر بەم پێیە لە شانۆی کوردی بڕوانین تێدەگەین کە ئەو کۆمەڵگایە و ئەو بونیادە زەینیانە چۆن بونیادی شانۆکانی ئێمەیان پێک هێناوە. بۆیە لە دوو گۆشە نیگاوە دەڕوانینە ژن لە شانۆی کوردیدا.

**یەکەم: کەڵک وەرگرتن لە ژن لە شانۆدا**

هەروەک پێشتر باس کرا **کۆمەڵگای هەوەسی پیاوانە، ژن تەنیا وەک فریشتەی خەون و ئامرازی لەززەت دەناسێ. هەر بۆیە ئەگەر لە** شانۆدا ئاورێکی زیاتری لەژن داوەتەوەو دەبینین کە فستیڤاڵەکانی شانۆ بە رێژەی دیکەی فستیڤاڵەکانی هونەری سەرشارتر لە ژن و کچی جوان دەبینین، بۆ هەست پێ کردن و پێ زانینێکی مەعریفەیی بە «بوون»ی ژن نیە وەکووبونەوەرێکی سەربەخۆ و جیاواز، بەڵکوو هەر لە سەر ئەو بنەمایەیە کە کەڵک لە جوانی و ژن وەردەگرێ نە لە «ژن». لەدەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم کۆمەڵگایە هەوەسی پیاوانە بە داخەوە کچی جوان لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کردندا (Socialization)دا تەحمیق دەکات.

ئەم پرۆسەیەش بەم شێوەیە کە، کچی جوان کە لە دایک دەبێ هەر لە منداڵییەوە لە بەر چاو و خوازراوە و تاگەورەتر دەبێ زیاتر دان بە جوانی ئەودا دەنێت و لە دیکەی رەهەندەکانی بوونی ئینسان دووری دەخاتەوە و منداڵ (کچ) پەی بەوە دەبات کە «ئەو» هەر بە جوانیەکەیەوە خوازراو و پەسەند کراوەی ئەوەکاتی‌تری کۆمەڵگایە. بۆیە ئیتر لە سەر تەختی حکوومەتی جوانی خۆی دادەنیشێت و «گوتاری ناز» هەڵدەبژێرێ بۆ دیکەی بۆشاییەکانی بوون و وجوودی خۆیدا مەودای نیە و چونکوو هەست بەهیچ نیاز و پێداویستێک بۆ خوازراو بوون وەک مرۆڤێک ناکات. چونکوو وەکو ئێریک فرۆم دەڵێت سەرەکی‌ترین هەوڵی ئینسان بۆ ئەوەیە کە خۆشی گەرەک بێت و خۆشیان بوێت جا کە کچی جوان هەر لە منداڵییەوە بەشی دووهەمی ئەو هەڵەی بۆ رەخساوە و

١ـ کۆمەڵایەتی بونەوە (جامعه پذیری): کۆمەڵناسەکان ئەم چەمکە بۆ وەسفی پرۆسەیێک بەکار دێنن کە خەڵک لەم رێگەوە خوو دەگرن بە هەنجارە کۆمەڵایەتیەکان و بەدوو شێوەی ١ ـ دەرونی کردنەوە و ٢ ـ پراکتیک کردنەوەی ئەو هەنجارانە ئاماژەی پێدەکرێ.

هەر لە بەر جوانیەکەی هەرکانیش بیەوێ دەتوانێ کەسێکی دیکەی خۆش بوێ، چ نیازی بەو داوە کە بڕوات و بوونی خۆی بە مەعریفە و زانست و هونەر و ... برازێنێتەوە و بەرەنگاری هەستی و جیهان بێتەوە جا بۆیە من بە وەها کچێک کە پەروەردەی ئەم کۆمەڵگای هەوەسەیە تەنیا دەتوانم بڵێم: ئەحمەق ! ...!.

کە شانۆ دێتە گۆڕێ ئێمە دەبینین لە ژن وەک ئەکتەرێک کە هات و چووەکەی الەنجەو لارەکەیا قسەکردنەکەی. قیژاندنەکەی و ... دیکەی کردەوەکانی خوازراوی کۆمەڵگای هەوەسی پیاوانەیە. **ئێمە دێین و ژن دێنینە نێو شانۆکەمانەوە و هەمیشەیش تێدەکۆشین شانۆکەمان ژنی تێدابێت.** ئەگەریش نەبوو من دیومە کە ئەگەرچی پاڵەوان و کاراکتێری سەرەکی شانۆکە لە تێکستەکەدا پیاو بووە، بەڵام لەبەر ... کراوە بە ژن و دونیای پیاوانە کە ژنێک کایەی تێدا کردوە. بۆیە دەبینن زیاتر بۆ ئەکتەرەکان لە کچی جوان کەڵک وەردەگرن و ئەگەریش کچێک ناشیرین بێتە نێو گرووپە شانۆییەکانەوە - چوونکوو هەروەک وتمان کچی جوان کەمتر دێت و دوی هونەر دەکەوێت - زۆر رۆڵی لاوەکی پێ دەدرێت. هەروەها دەزانین ئەو پیاوانەی کە باس کران ئەگەر کچی جوانیان وەگیر نەکەوێت بە ناشیرینیش قەناعەت دەکات. [کچ بێت و ورچ بێت] ئەم بایەخە و ئەم ئەرکە کە بە ژن دەدرێ بە داخە÷وە لە لایەن ژنەکانیشەوە لە نەستیاندا (ناخودآگاه) پەسەند کراوە. چوونکوو ئەگەر جوان وردبینەوە بایەخەکان و نۆرمەکان و تەباکانی کۆمەڵ دەسەڵاتی زاڵ دەی خولقێنێت و دیسان دەش زانین کە دەسەڵاتی زاڵی دەم کۆمەڵگایش دەسەڵاتی پیاوە هەروەها دەش زانین کە بە هۆی ئەم دەسەڵاتەوە توانیوەتی سیستەمی رۆحی ژنان وادابرێژێ کە بەو شێوەیە پیاو دەیەوێ بیربکاتەوە و ... ئەم خواستەی پیاو وەک دەسەڵاتێک بەسەر ژنەوە و بە گشتی مرۆڤ لە دونیای کۆندا لە سیستەمی سزادان اتنبیەا کەڵک وەردەگرێت واتە کارتێکردنی لە سەر جەستەی مرۆڤە بەلام دەسەڵات لە دونیای تازە و مودێرندا لە سەر رۆح و سیستەمی فیکری و زەینی مرۆڤ کارتێکردنی دەبێ واتە مرۆڤ وا را دێنێ کە بە پێی سیستەمی دەسەڵات بیربکاتەوە و رەفتار بکات واتە لە سیستەمی کونترۆڵ امراقبتا کەڵک وەردەگرێ. جا بۆیە لەم جیهانەشدا ژنان وادەزانن رزگاریان وەرگرتوە و دەتوانن ئازادانە؟ و سەربەست خۆیان بێن و بچن و لە شانۆ و فستیڤاڵەکاندا بەشدار بن و واش دەزانن ئەرک و بایەخی خۆیان بەجێ دێنن نازانن ئەوان هەر لە گوتاری دەسەڵاتی پیاودا تەنیا خاوەن گوتارێکی رێئەکتیفن. هەر بۆیە یەکێک لەو خاڵانەش کە «فیمینسم» ئاماژەی بۆ دەکات. ئەوەیە ئەوان دژ بەو سیستەمە حاکمەیە کە ماهییەتیەکی بە شێوەیەکە، مافی ژن لە ناو سیستەمەکەیدا پێ شێل دەکات، و داخوازی دەرفەتی بەرانبەری ژیان بووە بۆ ژنان و پیاوان.

### دووهەم: ژن لە نێو شانۆدا

بەڵام ئەگەر ژن ئەمجارە هەر لە نێو شانۆدا بخەینە بەر گۆشە نیگا، تراژیەکە تاڵتر دەبێت و ئەگەر لە شانۆکان و دەقە شانۆییەکان دەڕوانین دەبینین کە ژن لە نێو دەقەکان و کایەکاندا تەنیا کاراکتێرگەلێکن کە لە نیگای پیاو هاتووەتە دەرەوە و دیسانەوە هەر بە پێی پێناسەی پیاو و کۆمەڵگا بۆ ئێمە دەردەکەون. کە رەنگە لە یەکەم نیگادا هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی شانۆنامەکان پیاو دەینووسێ و دەرهێنەرەکانیش تەنیا ئەو کایانە لە ئەکتەرەکان وەردەگرن کە خۆیان بە باشی دەزانن و زووزوو بە ئەکتەرە ژنەکان دەڵێن: «وابڵێ و وابکە و ... وەک ژنێک دەبێ ئاوەها رەفتارێکت ببێ ...» و بەردەوام هەر ئەوناسینە کە لە پێشدا باسی لێکرا بۆ خودی ژن پێناسە دەکەن و ژنیش خۆی هەر لە بەر هەست پێنەکردن بەم غەدرە، پێملی فەرمایشتەکانی جەنابی دەرهێنەر و نووسەری دەق [کە پیاون] دەبێت. بەڵام ئەو دەقە شانۆییانەش کە ژن دەی نوسێت و تەنانەت ژنیش دەرهێنەریەتی ئەگەر ورد لێی بڕوانین بۆمان روون دەبێتەوە ژنان لە پشت چاویلکەیەکی پیاوانەوە دەڕواننە جیهانی خویان و ئەوانیش لە ژن هەر پێناسەیەکی پیاوانەیان لایە و لێرەدا بە پێوست دەزانم لە

بڕوانە لاپەڕەی (١٨)



# کام جۆرە لە ئەزموونی شانۆییمان پێویستە؟

دلشاد مستەفا

## رایەکی خێرا

مەرج نییە گشت هەوڵەکان لە سەریەک ئاست بن و بە هەمان ڕێ و شوێندا بڕۆنەوە بۆیە دەکرێت حەزی جیاواز بوون لە نێو گشت کایە ئەپستمۆلۆجیەکاندا هەنجەتی هاتنە گۆڕێی جۆرێک لە ئەفراندن بێت - بەو مانایەی بەرپاکردنی بوونێکی نوێ و جیاواز - کە واتە گۆڕینی هەربونیادێکی جێگیر پێویستی زۆری بە ورد بوونەوە لە خودی بونیادەکە هەیە ئەوسا بوار دەرەخسێ بۆجیا بوونەوە لێی. ئەم رایە کت و مت بە سەر ئەو بزووتنەوە شانۆییەدا دەچەسپێ کە لە نێو کورددا سەری هەڵداوە با ئەو چالاکییە مەزنە وەک میوانێکی نوێ تەماشا بکرێت و تا دوا رادەشی وا مامەڵەی بکرێت بەڵام ئەو لە نێو خۆیدا پێداویستیەکانی خۆ جێگیر کردنی پێیە و دەزانێ لە کام زەمین و زەماندا تەواو خۆ دەکاتەوە.

ساڵانێکە بزوتنەوەیەکی شانۆیی لەم دەڤەرەدا بەڕێوە دەچێ بە دڵنیایی سەرەتا هەنگاوەکانی ساکار بوون بەڵام هێدی هێدی دەتوانن بەرەو قووڵبوونەوەی زیادەتر لە ڕەهەندەکانی هەنگاو بنێین، هەڵبەتە ئەم هەنگاوەش هەڵگیراوە و بەشی خۆشی وەڵامدانەوە بووە بۆ هەموو ئەو گریانانەی پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، ئەوانەی بە خەونی بەدیهێنانی شانۆیەکەوە هاتوون کە دەبێت هەر دابمەزرێت و لە نێو خۆیشیدا لانی کەم هەڵگری پەیامێک بێت ئیدی لە دوای ئەوەی ئەوشانۆ خاوەن پەیامە ئەرکە سۆسیۆلۆژییەکانی خۆی تەواو دەکات دەبێت قووڵتر ڕۆچێت بەرەو دنیای پرسیار، پرسیار لە بوون، پرسیار لە دیاردەکانی وجوود و سەرجەم ئەو پێکهاتانەی دەتوانن خودی کۆمەڵگەیەکە لە سەر دابمەزرێنن.

هەمیشە شانۆکار لێرە هەڵوەدای ئەو پرسیارە دەبێت داخۆ چ جۆرە شانۆیەکی پێویستە؟ ئەو شانۆیە دەبێت بەرپا بێت کە پرسیارەکانی ئەو ابە مانای نەتەوەی سەردەستـا یان ئەویتر ابەمانای خۆر ئاوا! دووبارە بکاتەوە؟ یان بە جیاواز لەوە شانۆیەکی گەرەکە هەڵگری گشتی ئەو پرسیارانە بێت کە بونیادی بوونی خۆی لێرە دەهێنێتە لەرزین یان هەر هیچ نەبێت دەتوانێ بۆ ئایندەیەک بڕوانێ کە ئێستا ناتوانێ مەزەندەی بکات؟ مەرج نییە هەمیشە شانۆ بارگران بکرێت بەو ئەرکە دەشێت هەندێک جاریش پێویستیەکی ئیستاتیکی بیخولقێنێ بەڵام ئیستاتیکایەک بارگاوی بەمانا و ئاماژە گەرنا چی لە کایەیەک بە تاڵ لە واتا بکەین کە ڕاگوزەر و تێپەڕ دێت و دەڕوا و ناتوانێ هیچ جۆرە گۆڕانێک لە نێو بونیاد،ەکانی هیچ دیاردەیەکدا دروست بکات - ئەمەیان لە مەلەکردن لە هەوادا دەچێت کە جگە لە ئەندێشەیەکی بێ بنەما چیتر نییە.

دەبێت لێرە لەوە بڕوانرێ بە لەبەر چاو گرتنی هەل و مەرجی ئەم کۆمەڵگەیە، داخۆ چ جۆرێک لەم جۆرانە دەبنە ئاکتەری سەرەکی بەرهەمهێنانی گوتارێک کە دوور لە ئاڵۆزی و بێ گرێ و گۆڵ و دوور لە هەموو خۆ دزینەوەیان لە بەرپرسیارێکی دەبێت هەر بێت و وەرگریش بە خودی دیاردەکە ئاشنا بکات. ئەمە ئەو کاتەیە دێت کە شانۆ بە تەنها ئەو بۆنەیە نەبێت ساڵانە وەک جەژن بەتەنها جارێک و لە فستیڤاڵەکاندا بیری کەوێتەوە و نمایش بکرێت چوونکە بۆ کومەڵگەیەکی داخراوی خۆرەڵاتی مەحکووم کراو بە کەلتوورێکی پاشکەوتووی بە زۆر سەپاو زۆری دەوێت تا دەتوانێ دیاردەیەکی ئاوا

بە سانایی ئەزبەر بکات. **دەبێت شانۆ بببێتە بەشێك لە ژیانی خەڵك و چوونە شانۆش نەریتێکی جێگیر لە نێو زەینی گشتی خەڵکدا، ئەوسا وەرگری ئێمە لە نێو خۆیدا خۆی پۆلێن دەکرد و دەبوونە ئەو دابەشبوونانەی کە هەر دەبێت ببێت گەر نە لە نێو گشتی سادە و ساکار و گشتی دەستبژێردا دەمێنێتەوە و یارییەکی بێمانا دەکات.** کە واتە دەبێت شانۆ لێرە بینەرێکی هەمیشەیی بۆ خۆی دروست بکات. بینەرێک دوای پۆلێن بوون و دابەش بوونی دەستبژێرێکی وای لێ جیا ببێتەوە کە توانای بڕیار دان و پۆلێن کردنی گشت ئەو ئەزموونانەی هەبێت کە لە شانۆوە بەرەورووی دەکرێتەوە گەر نا چاك و خراپ دەبینرێن و هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی رەخنەییش نایەتە گۆڕێ. شتێکە بەڵگە نەویستیشە هەر دیاردە و چالاکییەکی مرۆڤانە دوور لە بزووتنەوەیەکی رەخنەیی کەم تەمەن و نەناسراو دەبێت و ناتوانێت هیچ راڤەکردنێکیش بۆ خۆی درووست بکات.

ئەوەی لە شانۆکەی ئێرەدا دەبینرێت و تا رادەیەك پابەند بوونێکی بۆ وەرگرێکی گشتییە هەر چۆنێك بێت سەپاندووە. مامەڵە کردنە لە گەڵ دەقی کوردیدا یان دەقی لە کەلتووری ئێرانی وەرگیراو، کەهەنگاوی بەرەو نامۆ بوون رۆیشتنی لە وەرگر قەدەغە کردووە. شانۆکار نەهاتووە دەقێکی (کامۆ) یان (بێکێت) و (یۆنسکۆ) بێنێت و پێشکەشی بکات چوونکە مەرجی بەشداری کردنیش لە فستیڤاڵەکان بوونی دەقی کوردییە کە ئەمە ئەوەی سەلماندووە کە هەر دەبێت جۆرێك لە پابەند بوون بە کەلتووری خۆوە بۆ شانۆکار بمێنێتەوە کە ئەمەش ئەڵقەی بەستەری ئەوە لە تەك بینەردا. گرفتی سەرەکی کە دەبێت لێرەدا قسەی لە سەر بکرێت چۆنیەتی سوود وەرگرتنە لەم دەرفەتە رەخساوە کە مامەڵ کردنی لەگەڵ زەینی وەرگردا تا رادەیەکێ زۆر بۆ شانۆکار ئاسان کردووە. ئایا دەبێت شانۆ تەنها لە خودی کەلتووری نەتەوەوە سەرچاوە بگرێت یان دەکرێت بە زەینێکی کوردی کەلتووری نەتەوەیەکیتریش بخۆێنیتەوە و پێشکەشی بکەیت؟ داخۆ خۆماڵیەوە دابمەزرێنین؟ یان پا بەند بوون و سوود وەرگرتن لەو سروونە ئایینی و سرووشتیانەی کە تا ئێستاش هەندێك ئاسەواری لە نێو ژیانی خۆماندا ماوە؟ ئێمەی خاوەنی دەوڵەمەند ترین کەلەپووری دەستنەخوردە بۆ ناکرێت لە سەر ئەو ئەزموونەکانی خۆمان بنیات بنێین؟

تۆ بڵێی ئەو جۆرە مامەڵەیە لە گەڵ کەلەپووری نەتەوەمدا پاشکەوتوویی بێت و بە زۆرە ملێ بەهەورازی بیری خۆرئاوادا سەرکەوتن تەنها بەردەباز و رێچارە بێت؟ ئەمە پرسیارێکە دەشێت لە شانۆکاری کورد بکرێت و وەڵامەکەشی وا لە مشتی ئەزموونەکانی ئایندەمدا.

**ئەوەی لە شانۆکەی ئێرەدا دەبینرێت و تا رادەیەك پابەند بوونێکی بۆ وەرگرێکی گشتییە هەر چۆنێك بێت سەپاندووە. مامەڵە کردنە لە گەڵ دەقی کوردیدا یان دەقی لە کەلتووری ئێرانی وەرگیراو، کەهەنگاوی بەرەو نامۆ بوون رۆیشتنی لە وەرگر قەدەغە کردووە.**

ئەو جۆرە لە سادەیی و سانایییەمان پێویستە کە هەموو وەرگرێك بتوانێت پەیوەندی لە گەڵ نمایشەکان بگرێ؟ یان جۆرێك لە تێکەڵاوبوونمان لە گەڵ ئەو بزووتنەوە شانۆییانەدا پێویستە کە لە خورئاوا بەرێوە دەچی؟ ئاخۆ بە سوود وەرگرتن لەدوا ئەزموونەکانی (ئارتۆ) و (گرۆتۆڤسکی) (پیتەر بروك) (یوجینۆ باربا) (ئاریا مینۆشکین) دەتوانین شانۆیەك بە مۆرکێکی

**ئایا دەبێت شانۆ تەنها لە خودی کەلتووری نەتەوەوە سەرچاوە بگرێت یان دەکرێت بە زەینێکی کوردی کەلتووری نەتەوەیەکیتریش بخۆێنیتەوە و پێشکەشی بکەیت؟**

# «شانۆ و ئازادی»

فەرهاد ئەمین‌پوور

ئازادی ڕووناکترین و لە هەمان کاتیشدا ئاڵۆزترین چەمکێکە کە ژیانی مرۆڤی لە مێژووی پڕ هەڵس و کەوتی خۆیدا تووشی گەلێک گۆڕانکاری کردووە، بە چەشنێک ئەم چەمکە بە پێناسەی جیاواز و جۆراوجۆری خۆیەوە بەردەوام بۆتە هۆی پاساودرانی گەلێک لە بزووتنەوەکانی ئینسان، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوانە لە کۆتاییدا ڕوویان کردبێتە بار و دۆخێکی جیاوازتر لە سەرەتا.

هونەریش وەکوو تاکە هاودەمی ڕۆحی ئینسان، هەمیشە بەروانینی چاک و خراپی خۆی لە مێژوودا هەندێ جار بەرزترین ئاستی کەڵکەڵەی ئینسانی لە گەڵ خۆی هەڵگرتووە و هەندێ جاریش تا خوارترین ئاست دابەزیوە و بۆتە گەمەی دەستی ئەو ئایدیۆلۆگانەی وا هەوڵی دامەزراندن و پەرەپێدانی سنوورەکانی دەسەڵاتی ناشەرعی خۆیان بە سەر بەشێک لە ئینسان و مێژوودا داوە. ئەرکی هونەر دامەزراندنی جیهانێکی پڕ لە عەداڵەت و ئازادی نیبە بەڵکوو ئەو پەڕی هەوڵی هونەر ڕاهێنانی ڕۆحی ئینسانە بۆ پشکنینی ڕەهەندی نوێی جوانی‌ناسانە، بەرانبەر بە ژیان و بەرهەمهێنانی توانای نوێ‌تر بۆ وەرگرتنی پێناسەی جیاواز لە مرۆڤ.

شانۆ کردار مەندترین، بزۆزترین و بێ نێوەنجترین هونەرێکە کە پێوەندی بەردەوامی گۆڕانی ئەزموونی ژیانیی ئینسان لە گەڵ چەمکگەلی مەزن و خاوەن ئاسۆدا، وەکوو ئازادی پێناسەدەکات. پەردەیەک کە بە ڕاست لادە دەرێت و ئەوسا ژیانێکی‌تر بە بەرفراوانی شانۆ و بە تایبەتمەندی خۆیەوە دەردەکەوێت کە بینەر لە ڕوانگەی شانۆوە گشتیەتی ئەو جیهانە لە کاتێکی کورتدا و بە بارستاییەکی فراوانەوە بۆ خۆی سەر لە نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە. شانۆ چالاکانە توانای چێکردنەوە، هەتوان کردن و تەنانەت بەرهەمهێنانی سەر لە نوێی پێناسە و دەرکی دیکە لە جیهانی واقیع بە ساکاری دەبەخشنە بینەر، بە چەشنێک کە ئەگەر ئەم پرۆسەی گوێزانەوە و بەرهەمهێنانە سەرکەوتووبێت لە دەرەوەی هۆڵی شانۆ و لە شوێنی دیکەی جیاواز لە سەر شانۆشدا درێژەی دەبێت. کە واتە بەرهەمهێنان پرۆسەیەکە هاوکات حەتمییەتی خۆشی لە خۆیدا پەروەردە دەکات و هەڵوێست وەرگرتن بەرانبەر چەمکی وەک ئازادی و عەداڵەتیش دەکاتە کردەوەیەکی ئینسانی و لە هەمان کاتدا دژوار. کە ئەم پرۆسەش سەری گرت ئیتر پاساودانی واقیعی نزمی ژیانی مرۆڤ وەک دیکتاتۆرییەت و شەڕ و کۆمەڵ کوژی و ... دەبێتە کارێکی گەلێک دژوارتر. کە واتە گرێدران بە گەل و بەرەو ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەگۆڕێت بۆ گرێدران بە کردنەوەی ڕەهەندی ڕوانینی ئینسانی بۆ هەستی.



کە واتە ئیتر ئازاد بیرکردنەوە بە مانای دامەزراندنی هەندێ میکانیزم بۆ تێفکرینی ئازاد نییە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ دیتن و گوێ گرتنی ئامادە بوونی پێویستی ڕوانینی جیاواز و بێ سنوور بۆ ڕاڤەکردنی ژیان و مێژوو.

«شانۆی کوردی» پێکهاتەیەکی زمانی نییە بۆ ئەوەی ڕەت یان پەسەند بکرێت یان نموونەیەک بێت بۆ هەڵسەنگاندن لە گەڵ سەر نموونەکانی دیکەدا لە باری بونیات یان ڕوونکردنەوەی تەمەنە مێژووییەکەی لە ئاستی هونەرەکانی دیکەدا، بەڵکوو شانۆی کوردی هەوڵی جیددی و بنەوەشی بەشێک لە ئینسانی ئەمێستاکەی ئێمەیە، بۆ نواندنی خۆی و بەرهەمهێنانی ڕوانینی نوێ و جیاوازتر بۆ چەمکێک وەکوو ئازادی و وەکوو عەداڵەت و ...

کەوابوو لێگەڕین با لە جێگەی پێکهاتەی شانۆی کوردی، پێکهاتەی وەکوو «شانۆ و ئازادی» و «شانۆ و عەداڵەت» و ... بەرهەمبێت.


# راپۆرتی چاوەدێران

فەرەیدوون حامدی

ده رۆژمان ماوه بۆ دەسپێکردنێکیتر، بۆ پێکهێنانی کۆڕی شانۆی کوردی، کۆبونەوەیەک بۆ درێژە پێدان بە رێگایەک کە سێ ساڵ لەمەپێش تامەزرۆ و ئاواتەخوازانە دەسمان پێکرد. دەرۆژمان بۆ سێهەمین مێهرەجانی شانۆی کوردی "سەقز" دەرفەت هەیە و دەبێ لە گەڵ هاورێ خۆشەویست و بەرێزەکانم (**کاک‌محەمەد حەبیبیان و کاک‌مەناف ئێران‌پەنا**) یەکەمین هەوڵمان بۆ باشتر بەرێوە بردنی سێهەمین مێهرەجانی شانۆی کوردی بەومانایە کە لێژنەی هەڵبژاردن اهیئت بازبینا دەتوانێ رۆڵێکی کاریگەری لە بەرز کردنەوەی ئاستی هونەری فستیڤاڵەکەدا هەبێ.

دوشەممە ١٢ای خەرمانان لە حەوزەی هونەری «سازمان تبلیغات» میوانی هونەرمەندانی شاری کرماشان بووین. یەکەمین کار، شانۆی «چنین خواند بامشاد» نووسین و دەرهێنانی هوومەنی رووح‌نافی بوو. هوومەن لە دەقەکەیدا لە کێشەی زمانی کوردی و دەسەلات دوا بوو. بەلام ...

کۆڕی شانۆی تەلەفزیونی کرماشان شانۆیەکی جوان و رازاوەیان بۆ مندالان تەیار کردبوو کە ماندوویەتی لە لەشمان دەرکرد. بەلام بە هۆی تایبەتمەندیەکانی مێهرەجانەکە بە داخەوە جێگەیەک بۆ کاری مندالان رچاو نەکرابوو. «حەسەنی پوورسولتانی» شانۆی عاشقانەی «دیدە و دڵ»ی ئامادە کردبوو. پیری شانۆی کرماشان ئیبراهیم سەعدوللاهی شانۆکەی ئامادەی ئیجرا نەبوو.



رۆژی سێشەممە لە شاری سونقوری کولیایی کرماشان، موجتەمەعی فەرهەنگیمان زۆر بە دژواری پەیدا کرد و چاو پێکەوتنێک لەگەڵ بەرپرسی ئەوێ پێکهات بەلام بە داخەوە شانۆکانی ئاغای بەرفی هیچیان ئامادەی بینین نەبوون. بەرەو شاری کۆن و مێژوویی کەنگاوەر کەوتینە رێ. جەعفەری دوردانە لاوێکی بە هەست و ماندوو نەناس «شوان و پەری» پێشکەش کرد. هەر چەند وەختێکی زۆری لە سەر ئیشەکەی دانەنابوو ... . مێهدی نیازی بە تەلەفوون بڕیاری شانۆیەکی ئامادەی پێ دابووین بەلام کاتێک گەیشتینە موجتەمەعی ئیرشادی شاری ئیسلام‌ئاباد بێجگە لە شپرزەیی و هات و چوو و هات و هاواری بێ جێ هیچمان دەس نەکەوت و وەختمان لەکیسدا.

رۆژی چوارشەممە ١٤ای خەرمانان لە کامیاران رۆژمان کردەوە و کاری «دەنگی چاوانی نەشمیل» نووسین و کاری هیوا شاوەیسی بە ساکاریەکەی هەستمانی هەژاند. بەرەو شاری هونەر و ئەدەب سنەی خۆشەویست کەوتینە رێ. هونەرمەندانی سنە ئیمساڵ پێشوازییەکی باشیان لە شانۆی کوردی کرد. «تەنوور» دەرهێنانی سەلاح شەکیبا، نواندنی رێک و پێکی دوو ئەکتەری بە توانا بوو. وەفا تەهماسبی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجەی لە «ژیانەوە»دا باس کردبوو. لە «نەفەری هەشتەم»دا خوشکە شیلانی رەحمانی نواندنێکی جیاوازی لە گەڵ کارە پێشوەکانیدا هەبوو. لە دوای ئەو لە «مەرگی سوور ـ مەرگی سەرد»دا خوشکانی مەلەکی لە کاری نواندن و دەرهێناندا خۆیان وەک هەمیشە ماندوو نەناس پیشان دا. «داوەلی بێتسانەکە» شانۆی پێنجەمی هونەرمەندانی سنە بوو کە دەقی ماموستا «عومەر عەلی ئەمین» بوو. پووریا پوولادی لە گەڵ خوێندکارانی زانکۆی علووم پزیشکی سنە «چ دەوران دەورانێکە»ی شاعیر و نووسەری سەقزی «سالح سووزەنی» ئامادە کردبوو. پووریا ویستبووی تەجرەبەی هەوڵی خۆی بە کەڵک وەرگرتن لە ویدیۆپرۆژکشێن و فۆرمی ئەکتەرەکان بێنێتە سەر تەختەی شانۆ لە نیوەشەو تێپەری بووین کە هەناسەی زرێبار هات بە رووماتا و گەشاندمانیەوە پێنج شەممە لە شارە جوانەکەی مەریوان

میوانی هونەرمەندانی خاوەن هەستی ئەنجوومەنی شانۆ بووین بە رێک و پێکی و تەرتیبەوە یەک لە دوای یەک ئیشەکانیان پێشکەش کرا و کارەکانیان نیشاندەری تەقالا و دڵسۆزی هەموویان بۆ شانۆی کوردی و بە شداری کردن لە فستیڤاڵەکەدا بوو. شانۆی «ئومید» نووسین و دەرهێنانی محەمەدی بەهرامی ئیشێک بوو بۆ منداڵان و «شەولەبان» نووسینی موختاری محەمەدی و دەرهێنانی پڕکارترین شانۆکاری مەریوان فاتحی بادپەروا لە دوای ئەو پێشکەش کرا. عەتا شەکیبایی «سەرهەڵدانی گەراکان»ی بۆ کار هەڵبژاردبوو کە مەوزووعێکی جوان و سەرنج راکێشەری بوو.

«ئاسۆکان کۆتاییان نایەت» شانۆی محەمەدئەمین کۆنەپۆشی هونەرمەندی هێمنی مەریوان بوو کە پێشکەش کرا. کۆنەپۆشی ویستبووی خۆی لە کۆنە وتن بپارێزێ و شێوازێکی نوێ بگرێتە پێش بەڵام سەد بریا لە ئەکتەرانی بەتواناتر کەڵکی وەر بگرتایە. موختار ئیمساڵ پڕکارتر لە هەمووە، دوو دەقی نوسراوەی هەیە، بازی ئەکات و دەرهێنەریشە، موختار بە هاورێیی هیوا مەنووچێهری «چرکەی سەما لە سەر سەهۆڵ»ی بە جوانی و رازاوەیەیی پێ نیشان داین.

لەرێگەی سەرشیوی سەقز بە هەموو پێچەڵا و پلووچیەکانیەوە تێپەرین تا لە سەر هەمان کاتی دیاری کراو خۆمان بگەیەنینە شارە جوانەکەی بۆکان. بە داخەوە ناکۆکی و شڵەژاوییەک لە نێوان گرووپەکاندا دەبینرا هەر بە هۆی ئەوەوە هەوەڵین کار بە تەئخیرێکەوە دەستی پێکرد. ئەفشینی ناسری «خاتوون»ی ئامادەی عەرز کردبوو کە ئەگەر ماوەیەکی زۆرتری بۆ تەرخان کردبایێ زۆربەی کەم و کورییەکانی جوبران دەکردەوە. هاجەری سەفابەخش هونەرمەندی باشی بۆکانی دەرهێنانی «رۆڵی ژن»ی لە ئەستۆ گرتبوو. ئەکتەری ئەم شانۆیە بە ماندوو بوونێکی زۆرەوە پانتایی شانۆکەی داگیر کردبوو. شەومان لە بۆکان بەسەربرد و رۆژی هەینیمان بۆ دیتنی «مارزادە خاتوون» کاری رەحیم عەبدولرەحیمزادە و یاری دوو ئەکتەری کچی ئامادە و بە توانا دەس پێ کرد. کاری چوارەمی بۆکان «ئەفسانەی ئێش» بوو کە بە سەرهاتی ئەژدیهاک و کاوەی بە جۆرێکیتر باس دەکرد.

شانۆکارانی سەقز لە ئاخر رۆژی بازبینیدا بەرهەمەکانیان ئامادەی ئیجرا کردبوو فاتێحی ساڵحی لاوی خاوەن هەستی سەقز دوو شانۆی «هێڵنجی رەشی خەونەکان» و «بێ خانومان»ی بۆ پێشوازی لە مێهرەجانی سێهەم دابین کردەبوو. عەلی شەریفی کەساڵی پێشوو بە شانۆی «کەسێک یان نا» لە مێهرەجانی دووهەمدا خۆی لە بواری دەرهێنان تاقی کردەوە ئیمساڵ بە «خەونێکی بێ برانەوە» دڵەراوکێکانی خۆی بۆ نمایش کردین. سەلاحی محەمەدی مەم و زینی کردبووە بنەمایێ بۆ وتنی مەبەستێک و رەوایەتێکیتر.

مەسعوودی غەفاری لەمجارە جیاواز لەگەڵ هەمیشە وەک نووسەر و دەرهێنەرێک خۆی خستە بەرچاو. «لاس و خەزاڵ»ی عەلی رەزاش نیگایەکی نوێخوازانەیە و هەوڵی خۆی داوە وەک ساڵانی پێشوو لە سەر شانۆ رەنگدانەوەی تایبەتی خۆی هەبێت.

شانۆکانی شاری بانە، کە یەکیان بە بۆنەی تاقمێک ئەتک و چەڵەمەوە لە سەقز عەرز کرا. کارێکی پڕ لە جەسارەت بوو لە لایەن لاوی خوێن شیرینی بانە شاهۆ مەحموودی.

سەیوان رەحمانزادە وەک دەرهێنەرێکی گەنج ئیشێکی پڕمانای بە ناوی «پیاوێک سەری بە بارمتە دانا» بۆ سێهەمین مێهرەجان تەرخان کردبوو.

لە رۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان لێژنەی هەڵبژاردن دوای دیتنی هەموو کارە ئامادەکراوەکان دانیشتنێکی بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە سەر نمایشەکان ساز کرد بەو بڕوایەی کە هەموو ئیشەکان تایبەتمەندی خۆیان هەبوو بە رچاوکردنی زەحمەت و هەوڵی شایستە و جێ پەسەندی هەموو لایەکیان هەشت نمایش بە پێی باشتر بوونیان لە سەر ئەو رێنماییانەی بە ئێمە درابوو بۆ بەشداری لە سێهەمین مێهرەجانی شانۆی کوردی سەقز هەڵبژاردران.

بە هیوای گەشەسەندن و زیاتر پەرە پێدان و جوانتر کردنی سیماکانی چوارەمین مێهرەجانی شانۆی کوردی سەقز.

Scanned with CamScanner

# ✓ ڕەخنە لە سەر

## لەسەر شانۆی مەراڵ

**ئاتیحی بادپەروا**: من شانۆی مەحموودیم زۆر خۆش دەوێ. حەز ناکەم لە سەر کارەکەی بدوێم چون زۆر چاوەڕێی زێدەترم هەبوو.

**ڕەحیم عەبدولرەحیمزادە**: لە کارەکەیانا هێندێ شپرزەیی و سەر لێشێواوی بەدی دەکرێ. دەقی شانۆ باری دراماتیکی نەبوو. هێشتا بە قۆناغی دەقی کوردی نەگەیشتووین.

**ساراخان**: سوپاس و دەستخۆشی، کەم و کووریەکی زۆر لە ئاستی دەور گێڕاندا بەدیدەکرا. دەرهێنەر نەیتوانی بوو بە جوانی لە بەش کردنی حەرەکەی ئەکتەرەکان لە سەر تەختی شانۆ تێبکۆشێ. ئەکتەرەکان لەوە دەچوو یەکەم جاریان بێ دەور بگێڕن و زۆر ئەترسان. تەجرەبەی ژیانی سەر شانۆیان نەبوو و هەستم ئەکرد هەموو هۆشێکیان لە لای بینەرە.

**مامۆستا مۆنق**: سوپاس و ماندوو نەبوون: شانۆکە بەرای من نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ بە کار هێنانی ئەدەواتی گەورە بە نێوی دیکۆری ئیشەکە نەیتوانیبوو لە خزمەتی شانۆکەدابێت. ڕێک نەکەوتنی دەنگ لەگەڵ نواندنەکە شانۆکەی تارادەیەک شپرز کردبوو، نەگەیشتنی دەق بە ئاستی شانۆیی یەکێکی دیکە لە لاوازییەکان بوو.

## ژیانی من

**شاهۆ مەحموودی**: من شێوەی ئیجرای کارەکە، یانی ئەو حاڵەتە و ئەو قاڵبەم بە دڵ بوو، بەڵام تەنیا گرفتێک کە من هەستم پێ کرد قسە لە سەر ناوەڕۆکە. ئەوە بوو کە ڕەوایەتێکی تەواو خەنی بوو ـ شتێک وەک «شێبهە تئاتر» بوو کە هەڵگری ڕاڤەیەکی تایبەت بوو کە دیسانەوە دەرهێنەر لە خۆیەوە هەڵیگرتووە و پێناسەی کردووە. بە ڕاستی هدایەت پایەماڵ کراوە.



**ڕەسووڵی سوهرابی**: کارەکەی زۆر عالی بوو، دەستیان خۆش بێ. لە بەر ئەوەی زیاتر لە حەرەکەت کەڵکیان وەرگرتووە، دیالۆگەکانیش یارمەتیدەری ئەکتەرەکان بوو، لام زۆر جوان بوو. بۆچوونێکی جوانی بوو بۆ «بووفی کوور»ی سادق هیدایەت. منی قانع کرد.

**شەهلا مەلەکی**: وەڵڵا ... جوان بوو. هەم نووریان زەریف بوو، هەم شێوەی ئیجرا ئەڵبەتە «حسم» ئەکرد مێقداری «خشن» بوو. ئەو خۆشەویستیە، ئەو چتگەلە بە نەزەری من زەریفتر ئەشیا بەیان بکریایێ، وا نەبوو ...

## شەوی یەڵدا

**سابیر دلبینا**: دەقەکەی دڵشاد مستەفا زۆر لەحنێکی شۆعاری و شۆعارزەدەی هەس. یانی تەحلیلی سەبارەت بە مەسائیلی ئەو دیووە ـ فرە سەتحی و کوللییە لانی کەم لە قولایی ناخی خۆی وەری نەگرتووە. دەرهێنەر لە ناخی دەقەکە تێنەگەیشتبوو، دەورگێڕەکان لاواز بوون.

**شاهۆ مەحموودی**: تەنیا ئەتوانم بڵێم هەر فکرێکی گەورە دیارە تەڵەبی وەختێکی زۆرتر دەکا بۆ نمایش. بەڵام ئێمە بە داخەوە ئەندێشەیەکی بنەڕەتی تایبەتمان لەوکارەدا نەدی کە چاوەڕوانی نواندنێکی سەرکەوتوو بین. گرفتی نمایشی کوردی ئەوەیە هەمیشە سەتحی و شۆعاری تەماشای قەزیەکان دەکات. هیچ کاتێ بنەڕەتی مەوزووعەکان ناوترێن. دەرهێنەر تەنیا ویستوویەتی فەزاکان پڕکاتەوە. کایەی کچەکان جوان بوو .... .

**فاتیح ساڵحی**: من پێم وایە سووژەی ئەم کارە دووچاری موشکیل بوو. بەرای من ئەو ڕوانگەی نیشانیان داین لە ئێستادا زۆر کۆنە، زۆر بۆچوونێکی سوننەتی و لایەنگرانەی هەیە کە مرۆڤ بە هیچ کوێ ناگەیەنێ چوونکە میللەتێ چاوەڕوانی ناجییەک بێت ائەم ناجیە بێت و تاریان بۆ ژەنێ و لە خەو هەڵیان سێنێ ...! ئەمە تەنیا لە خۆرافەدا جێگیر دەبێ. دەرهێنانی کارەکە و کایەکانم بە دڵ بوو.

**خانم ئەفرووزی**: خاس بوو، کارەکەم پێ جوان بوو بەڵام تۆزێ کێشەی کەم بوو ....

# گفت و گۆ

بەمەبەستی بەرفراوانتر کردنی ئاسۆی روانینی رەخنەییانە و پێکهێنانی زەمینەی هاوبێژی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هەندێک لە هونەرمەندانی بەشداری فستیڤاڵەکە کرد. لەخوارەوە دەقی قسەکانیان بڵاو دەکرێتەوە.

دەستەی نووسەران

**پرسیاری یەکەم: پێگەی شانۆی کوردی لە شانۆی جیهانیدا چۆن دەبینن؟ ئایا ئێمەتوانیومانە هاوکات و هاوسەنگ لەگەڵ هونەری جیهانیدا پێشکەوین.**

**عەبدولی حەمەجوان:** هەرچەندە شانۆ تا ئێستاش لای ئێمە لاسایی کردنەوەیە و تەنها و تەنها دەقاودەق ئەزموونی جیهانی پیادە دەکەین لە شانۆکانماندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین دەرەقەتی ئەم هونەرە مرۆڤایەتی جوانە دێین و شانۆ لە گەشەکردندایە لای ئێمە.

هەرچەندە مێژووی ئەم ئەزموونە نوێیە و کەرەسە و تەکنیکی ئەوتۆشمان لە بەردەستا نییە بەڵام خۆمان قەناعەتمان بەوە هەیە و تەواوی کومەڵەکەشمان کە لەم مەیدانەدا کەمتەرخەم نین و پێگەیەکی باشمان هەیە بەڵام هێشتا ئەو خەونەمان نەهاتوەتە دی کە شانۆکەمان بگاتە ئاستی شانۆ پێشکەوتوەکانی جیهان چوونکە ئەو بوارەمان بۆ نەرەخساوە و گەر بڕەخسایە بۆمان و هەموو زەمینەکانمان والا بوایە، ئێستا قسەیەکی‌ترمان هەبوو.

**هوشنگ جاوید:** وضعیت کنونی تئاتر در جهان بی‌گمان با تعاریفی که از میهمانان خارجی جشنوارەی تئاتر ٧٩ شنیدم و دیدم بسیار خوب و روز به روز پیشروتر است اما در کشور ما بسیار اسفناک و در زمینەی نمایش کردی و نمایش به زبان کردی اسفناک‌تر، از یک سو ارتباط هنرمند با معلویات در حال بریده شدن است، از سوی دیگر عشق در ایجاد کمرنگ شده، قواعد جای خود، روح و درک روحی ضعیف شده، در جهانی که به اندیشەی "منطقەای فکر کن جهانی عمل کن" رسیدەاند. ما هنوز اندرخم پسکوچەایم، و این بدان خاطر است که دغدغەهای عجیبی را دنبال می‌کنیم که در قوطی هیچ عطاری پیدا نمی‌شود.

دردشناسی جامعەمان ضعیف است، هنرمند بیش از آن‌که به معلومات و افزودن به آن بیاندیشد سعی می‌کند مدام تولید کند و خودنمایی نماید. همگام با هنر جهانی شدن کار سختی نیست زوایای پنهان ارتباط، تولید، و اثر گذاری را شناختن مهم است، همین سرگردانی و ناآشنایی باعث گردیده که طی این سال‌ها همواره یک پرسش را بشنویم: "سوژەی خوب سراغ نداری که بشه روش کارکرد"؟! این نشانەی چیست؟ شما پاسخ دهید.

**مەناف ئێران‌پەنا:** راستە کە گەلی کورد کۆنترین قەومی مێژوویی ئێرانە و لە ئاست زۆر کۆمەڵگای دیکەی جیهان نێودارتر و بە ناوبانگترن بەڵام بەداخەوە بە هۆی ژیانی ئاڵۆز و دەربەدەری و زوڵم و زۆری حاکمانی وەخت و رۆژگاران، ئێمەی کورد هەرگیز نەمان توانیوە بە جۆری پێویست بڕوانینە فەرهەنگ و هونەر و کەلەپووری خۆمان . هەرچی بووە بە کورتی و بە گورجی گوزەراوە و نەیتوانیوە شوێن دابنێ . هونەری شانۆگەریش هەر وەک هەموو دەزانین رەگ و ریشەی بە دونیا هاتنی لە نێو ئایین و رێ و رەسمە کۆنەکانی مێژوو. جا ئەگەر ئێمەی کوردیش رێگا و مەودای ئەوەمان هەبا هێندێک لە مێژووی رابردووی خۆمان بڕوانین، رەنگە ئێستا ئەو مەودا دوور و درێژەی کە لە نێو هونەری شانۆگەری ئێمە و دونیای ئەودا پێکهاتووە کورتتر کرابایەوە و بە هەڵسەنگاندنی شانۆگەری ئەورۆی کوردی دەگەڵ شانۆگەری جیهان نێوانێکی دوور و درێژ چاومدێر دەکرێت کە هیوادارم مێهرەجانی شانۆی کوردی شاری سەقز پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە بە ئەرکی خۆی بزانێ.

**مۆفق لهۆنی:** ئێمە سەبکێکی شانۆیی یان تێوریەکی شانۆیمان نییە بەڵام بزووتنەوەیەکی شانۆییمان هەیە. لە کوردستانی عێراق بە رێژەی کوردستانی ئێران تۆزێک

پێشکەوتووترە. لە کوردستانی سوریا زۆر بە کەمی ئەیبینم، لە کوردستانی تورکیا هەر نایبینم بەڵام ئەوەی هەیە ئێمە ناتوانین بڵێین شانۆی کوردیمان هەیە. بە مانا فراوانەکەی وەک شانۆی فەرەنسی یان یۆنانی. بەڵام تۆوی دراماتیکی لە کەلتووری کۆنی کورد وەک سرووتەکانی زەردەشت و هەندێ سرووتیتر بەدی دەکرێت. ئە شکڵە دەکرێ پەرەی پێ بدرێت و ئەو شکڵانە بێنە خزمەتی شانۆوە. هەروەها ئەم شێوە دراماتیکیانە لە ئیسلامیشدا هەن کە بێنە خزمەتی شانۆوە. چوونکوو شانۆ بۆ خۆی سرووتە بەڵام ئێمە ئێستا ناتوانین بڵێین شانۆیەکمان هەیە و بنەما تێوریەکانی دارژراوە و خاوەنی پرسیاری خۆیەتی و پرسیارەکانی لە کۆمەڵگە هەڵقوڵاون. بەڵام بە بەختەوەریشەوە ناتوانین بڵێین هەر هیچمان نیە. بە رای من ئەوەی لە کوردستانی عێراق هەیە گەلێ جار لە شانۆی بەغدا و دەمیشقیش جوانترە. ئەمەشمان دەبێ لە بیر بێت کە عەرەب و فارسیش هەنووکە خاوەن شانۆیەکی تەواو نین و هەمووشمان شانۆمان لە یۆنانەوە وەر گرتووە. ئەوەی گرینگە تۆ جوانترین تێورەکان لە سەر کەلتووری کوردی پیادە بکەیت.

## پرسیاری دووهەم: پێوەندی نێوان هونەرمەندی کورد و کۆمەڵگەی خۆی چۆن دەبینن؟

**عەبدولی حەمەجوان:** هونەرمەندی کورد نامۆ نیە لە کۆمەڵەکەی و بەردەوام ئاوێتەی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە هەر لەوێشەوە دەڕوانێتە جیهان و مرۆڤایەتی چونکە خەونەکانی هونەرمەند بەدی هێنانی خەونەکانی کۆمەڵەکەیەتی و بەرجەستە کردنی ئەو خەونانە ئەرکی هونەرمەندە و لێرەوە هونەرمەند دەبێتە پێشەنگی بە دی هێنانی هیوا و ئامانجەکانی کۆمەڵەکەی و کۆمەڵی کوردەواریش زۆر بەرێزەوە دەڕواننە ئەرکەکانی هونەرمەندی کورد کە واتە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزە و بۆ بەردەوامی ئەو ئاوێتە بوونە دەبێت هونەرمەند ڕۆڵی سەرەکی و پێشەنگی خۆی لە دەست نەدا تا کاریگەری خۆی لە سەر کۆمەڵگا وون نەکات و نامۆ نەبن لە یەکتری.

**هوشنگ جاوید:** بی‌گمان همه‌ی هنرها در نهایت راهی به سوی انتزاع و تجرید می‌گشایند، و همانگونه که ارتباط هنرها در "نوع" بسیار نزدیک به هم است هنرمند می‌تواند با یافتن این رمز به ذات صحیح ارتباط دست یابد، به ارتباط نمایش و نقاشی و موسیقی بنگریم، در آفرینش نقوش، صحنه‌ها و لحظات تخیل هنری و صورت‌های ذهنی هنرمند توسط عنصر "ایهام" و "ایجاز" که از کاربرد نمادهایی از فرم‌های عینی در کار حاصل می‌شود، اثر ایجادی خود را به مرز تجرید و انتزاع می‌رساند و پرده و پیکره‌ای پدید می‌آید که در نهایت به زیبایی پرداخته شده است و درباره‌اش می‌گوییم "نقاشی" است "نمایش" است "موسیقی" است، گوته شاعر بزرگ آلمانی می‌گوید: "معماری موسیقیِ منجمد است"!! این سخن و نمونه‌هایی دیگر از این سخنان نمودار آن است که رشته‌ای مرموز هر یک از هنرها را به دیگری می‌پیوندد و وظیفه‌ی یک هنرمند در ابتدا یافتن این رشته‌ی رمز است. از سوی دیگر هر اثر هنری در حد کمال به جهان بزرگ مانند می‌شود و در چارچوب "هستی" خود نمونه‌ی کوچکی از جهان است، "هستی" یک رشته نمودهایی دارد که ما به اعتبار آن نمودها از آن پنداری داریم، این هستی دارای فواصلی همچند و ناهمچند است که باید آن‌را خوب بشناسیم، به‌عنوان نمونه ریتم، می‌گوییم ریتم صحنه، ریتم بازی، ریتم نمایش و باید بدانیم که اصل "ریتم" عالم هستی را بنیان می‌نهد. در نقاشی، موسیقی و معماری هم توجه به ریتم مهم است چرا که تنظیم آگاهانه‌ی زمان در آن نهفته است و این می‌تواند ما را به ایجاد نوعی فضای عاطفی و روحی و سرشار از جذبه‌های آگاهانه برساند، جامعه نیز دارای ریتم‌های خاص خود است و هنرمند زمانی به ارتباط مفید خواهد رسید که این فواصل را به خوبی درک کند و اجرا نماید.

ذات‌شناسی، پدیدار شناسی ادراک، آنتروپولوژی (انسان شناسی)، مورفولوژی واتنولوژی از جمله‌ی آگاهی‌های لازم یک هنرمند در همه‌ی زمینه‌های هنری است و باید بر آن جامع باشد تا خلق یک اثر درست را انجام دهد و به ارتباط برسد، و هرچه آگاهی بیشتر

باشد ارتباط مستحکم‌تر صورت می‌پذیرد این‌که مردم جامعه گاه بسیاری از آثار را نامطلوب می‌دانند به این سبب است که هنرمند ریتم جامعه را نیافته، بدترین بیماری که دامنگیر اکثر هنرهای ایجادی جدید است این است که ایجاد کننده‌ی اثر یاد گرفته بگوید: "مردم اثرم را نفهمیدند"!! همین بلای جان هنرمند جوان شده، این‌طور نیست، این دیدگاه باید تغییر یابد یک هنرمند متعهد با جامعه باید همواره برخود نهیب بزند که "من کمتر می‌دانم"، "مردم خوب می‌فهمند" و با این دیدگاه وارد عرصه‌ی هنر شود اگر غیر از این باشد بی‌گمان ریتم ارتباط هنرمند با جامعه به هم خواهد خورد و نتسجه همواره برای ایجادکننده‌ی اثر هنری تأسف‌بار، ملال آور و فرسوده کننده خواهد بود.

**مەناف ئێران‌پەنا:** دەبێ بڵێم بە داخەوە هەتا ئەو رۆ لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری وڵاتی خۆمان دا ئەو پێوەندیە پێویستە پێک نەهاتووە ئەوەش دەگەرێتەوە سەر چۆنایەتی بار و دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیمان و هەندێکیش نەبوونی پێداویستییەکان و ئیمکانات و هەل و مەرجی بابەت کە رێگای نەداوە بۆ گەشە کردن یا باشتر بڵێم بۆکار کردن و بەردەوام بوونی هونەرمەند لە سەر کاروباری خۆی هەتا بتوانێ جێگای خۆی لە ناو دڵی خەڵکەکەیدا دیاری بکات، ئەوجار بە لەبەرچاو گرتنی ئەو خاڵانە و دابین کردن و پێک هێنانی هەل و مەرجی کار بۆ هونەرمەندان، دەتوانێ لەو مەودایە کەم کاتەوە و هونەرمەندیش بە ئاوڕدانەوە لە سەر فەرهەنگ و کەلەپووری خۆی و دڵسۆزی کردنی دەتوانێ کاریگەر بێت لە سەر خەڵک و راکێشانی ئەوان بۆ لای خۆیان و شوێن دانان لە سەر بیر و زەین و کارتێکردنیان.

**مۆفق لهۆنی:** هەر لە سەرەتاوە پێوەندێکی توند و تۆڵ لەنێوان رۆشنبیر و کۆمەڵگەی کوردیدا بەرپا بووە و هونەرمەند هەمیشە لە ناو ئازار و ئەشکەنجە و تراژدیاکانی کۆمەڵدا بووە، هونەرمەند بەشێ بووە لە ژیان و شارستانییەتی کۆمەڵگاکەی ، ناتوانین بڵێین هونەرمەندی کورد جیا بووە لە کۆمەڵگاکەی خۆی. هونەرمەندان سوودێکی فراوانیان لە کەلتووری گەورەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ شانۆ و مۆسیقا و شێوەکاری وەرگرتووە. هونەر دەتوانێت کاریگەریش بێت ئەگەر هەڵقوڵاوی ئێش و ئازاری کۆمەڵگاکە بێت و ئەگەریش تۆ هونەرەکەت دوور بێت لە پرسیار و پێویستیەکانی کۆمەڵگاکەت رەتگە خراپ حاڵی بوونێک لە هونەر دروست ببێت.

هونەرمەند ئەبێ وابەستەی کۆمەڵگاکەی بێت و لە هەمان کاتدا هەنگاوێک پێش شعووری کۆمەڵگا بکەوێت.

**پرسیاری سێهەم:** بە رای ئێوە هات و چۆی هونەرمەندانی کوردستانی ئێران و کوردستانی عێراق دەتوانێ دەسکەوتێکی هەبێ؟

**عەبدولی حەمەجوان:** ئەم پەیوەندیە گەلێک پیرۆزە و مانای زۆر گەورە و بەهای قابلیی جوانی هەیە و ئەوەندە کارگیرە بۆ هەردوو لا کە بەرهەمی ئەم بەیەک گەیشتنە کاریگەرترین ووتار و پەیام بە ئەنجام دەگەیەنێت و هەستی گیانی کوردایەتی و سۆز و خۆشەویستی لە نێوانیدا مەزنتر دەکات جگە لە گۆرینەوەی ئەزموون و تواناکان.

**هوشنگ جاوید:** هنرمندان دو جامعه‌ی مختلف وقتی در ارتباط با یکدیگر قرار می‌گیرند قرار نیست که سعی در تحمیل نمایند، بلکه با اندیشه‌ی به‌راه‌های جذب می توانند به راحتی در یکدیگر تأثیرگذار باشند، کلام حافظ است که "در دل دوست به هر حیله رهی باید کرد"، بی‌گمان این حیله‌ای که حافظ می‌گوید نامردی و رندی نیست بلکه یافتن راه توارد است، از سویی این ارتباطات اگر در ذات به جلبه‌های مختلف آن به لحاظ "فلومنولوژی" اندیشه نشده باشد، جز دیدار و گپ و چیز خوردن و لبخند زدن، حاصلی دیگر نخواهد داشت. این برعهده‌ی هنرمند نیست، بلکه به عهده‌ی سیاستگذاران این سامان است که باید به یک برنامه‌ریزی تعریف شده برسند تا هنرمندان تکلیف خود را در ایجاد ارتباط بدانند والا هر حرفی را می‌شود گفت هر کاری را هم می‌شود انجام داد و در نهایت غیر از تحمل بار سفری گران چیز دیگر در این ارتباطات یافت

نخواهد شد، دستاوردها همواره حاصل برنامه‌ریزی‌های دقیق و مدون است و باز بر می‌گردد به همان پاسخ پرسش اول ریتم ارتباط را باید شناخت.

**مەناف ئێران‌پەنا:** دیارە هونەری راستەقینە پێوەندی بە شوێنێکی تایبەتەوە نییە. هەروەها سنووری تێدا دیاری ناکرێ ئەوجار بە هۆی زمانی جیهانی هونەرەوە پێوەندی گرتنی تاقمە هونەرییەکان لە هەر بابەت دەتوانێ بۆ هەڵسەنگاندنی رەوتی پێشتر خستنی هونەرەکان و هەروەها حاڵی بوون لە زمانی یەک و ئاشنا بوون بە بار و دۆخی چۆنایەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری هەردوولا بە کەڵک بێت و دەتوانم دان بەوەدابنێم کە ئەو ئاڵ و گۆڕە لە کاڵاکانی فەرهەنگی و هونەریدا زۆر پێویستە و مەرجی پێشکەوتوویی پێک دێنێ.

**مۆفق لهۆنی:** من گۆڕینەوەی فکر و هونەر لە نێوان هونەرمەندانی دووپارچەکە بەهەنگاوێکی گەورە دەزانم. بەڵام ئەگەر ئێمە بێین بوو نموونە لە سەقز یان لە هەر شارێکی‌تری کوردستانی ئێران شانۆیەک پێشکەش کەین و کارەکەمان تەنیا لە فۆڕمدا قەتیس مابێت لەوانەیە لێرە ئەو پێوەندییە رۆحییە لە نێوان بینەر و کارەکەدا دروست نەبێت. بە پێچوانە ئەگەر لە کوردستانی ئێران گرووپێک بێ بۆ ئەودیو ئەگەر ئێمە زۆر سادە بڕوانینە کێشەکان یان هونەرەکەیان، بڵێین بە سادەیی تۆ ناوەڕۆک و فۆڕمەکەت تەرح کەی لە وانەیە دیسان تێکەڵاویی دروست نەبێ. بۆیە دەبێ ئێمە لە ئاستی رۆشنبیری کۆمەڵگە و ژیانی کۆمەڵگە بگەین ئەوسا هونەرێکی راستەقینە بۆ ئەو شوێنە پێشکەش بکەین. دیسان دەڵێم ئەم ئاڵ و گۆڕە ئەگەر چی سنوورداریش کراوە بەڵام هەنگاوێکی زۆر گەورەیە پێم باشترە ئەم ئاڵ و گۆڕانەش گەلێک فراوانتر و زۆرتر بکرێت لە هەردوولایەنەوە.

## پرسیاری چوارەم: پێوەندی نێوان هونەر و دەسەڵات لە کوردستاندا چۆن دەبینن؟

**عەبدولی حەمەجوان:** ئەگەر دەسەڵات لە خزمەت هونەر و پەیامەکەیدا بێت و هەوڵی گەشەکردنی بدات و بە ئەرکێکی سەرەکی و کاریگەری بزانێ و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هەموو زەمینەکانی بۆ بڕەخسێنێ، چ لە رووی ئازادی و سەربەستیەوە و چ لە رووی واڵا کردنی هەموو توانا و پێدا ویستیەکانی. ئەو کاتە هونەر گەشە دەکات و لە گەڵ دەسەڵاتدا تەبا دەبن و هیچ کێشە و گرفتێکی تووش نابێت. بەڵام بە پێچەوانە ئەوکاتە هونەر و دەسەڵات دەبنە دوو جەمسەری جیاواز و هونەر ناچار دەبێت رووبەرووی دەسەڵات بێتەوە و بجەنگێ بۆ بە دیهێنانی خەونەکانی و بی‌گومان هەمیشە چەکی هونەر کاریگەرترە لە چەکی دەسەڵات چونکە هونەرمەند پێشەنگی کۆمەڵەکەیەتی و کۆمەڵیش پشت و پەنای هونەرمەندە بە لایەنگیری لە بەدیهێنانی خەونەکانی، چونکە خەونەکان خەونی میللەتە.

**هوشنگ جاوید:** هنرمند باید از خود عرضه و جربزه نشان بدهد و بتواند با ایجاد ارتباط درست با جامعه ممر معاش و مفرّ سخن‌گویی خود را فراهم آورد و دلبستەی کمک‌های دولتی نگردد، بی‌گمان هر جا که پولی خرج کسی کند توقعاتی هم خواهد داشت، در عرصەی تئاتر جهانی هنرمندان و گروه‌های هنر بر پایەی میزان اعتبار خود در جامعه و فعالیت‌هایشان و محبوبیت‌شان درصد اندکی از سوبسیدهای دولتی را آن‌هم سالی یک‌بار دریافت می‌کنند در حالی‌که در این‌جا بسیاری که هنر را ممر معاش قرار می‌دهند و در حقیقت "هنرکار"اند تا هنرمند. مدام داد "هل من مزید" می‌زنند. دو سوی این ماجرا چه در بعد حاکمیت و چه در بعد هنر و هنرمند دچار معضل و مسئله است که نه به آن توجه شده و نه برای آن تعریفی پیدا شده.

**مۆفق لهۆنی:** بێ گومان هونەر بۆ خۆی ئاقارێکی تر لە خۆی ئەگرێ و ئەویش پێشڕەوایەتی و ئەو کاتەش کە دەسەڵات کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی خراپ دەبات هونەر بەرەنگاری دەبێت و بەرەو ئاقارێکی دیکە کۆمەڵگە دەبات. ئەگەر چی ئەمە لە کوردستان دەبینم یانی تا ئێستا نەمانتوانیوە دەسەڵات راپێچ کەین بۆ ناو شانۆ و نەمانتوانیوە دەسەڵات لە گەڵ چەمکە بەرزە شانۆییانە ئاشنا بکەین و روانینی بۆ شانۆ روانینێکی پەراوێزییە، هەرچەند دەسەڵات هەندێک رێخۆشکردنیشی بۆ شانۆ هەبووە.

Scanned with CamScanner

# وت و وێژ لەگەڵ ئازاد جەلال

ئامادە کردنی: سیمین رەحمانی

**- تکایە خۆتان بناسێنن.**

: ئازاد جەلالم - لەسلێمانی لە گەڕەکی سابوونکەران لە دایک بووم. لە ساڵی ١٩٦٨١ەوە لە بواری شانۆدا کارئەکەم. ساڵی ١٩٧٩ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادم تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٠ یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. ساڵی ١٩٩٢ یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر. ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانم. لە ساڵی ٢٠٠١دا بوومە بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەر. چەندین بەرهەمم هەبووە و هێشتا هەر گەنجم.

**- بیروڕاتان سەبارەت بە جەژنوارەی شانۆ چۆنە؟**

: جەژنوارە .. جەشنی جەژن .. وشەیەکی پڕمانا بوو بۆ من .. وشەیەک دەبێتە ئاوێتەی جەژنی پێکەوە ژیان، جەژنی گۆڕینەوە و خوواست و ئارەزووە هونەرییەکان، جەژنی جوانکردن و قەشەنگ کردنی شانۆ بە بازیگەر و رازاندنەوەی بە رەنگ و رووناکی، جەژنی رۆشنکردنی هەناوی ماندووی دوورە دیارە .. جەژنی پیرۆز کردنی جەستە و بڵند کردنی دەنگی خۆشەویستییە .. جەژنی کۆ بوونەوەی هاوکاران و هاو عیشقی هونەری کوردستانە .. هەر لەم جەژنەدا هونەرمەندان ئەبینم ئاوێتەی دنیای رۆح و هەستی یەکترین و بۆ ئاشنایی و دۆستایەتی تروسکە و بریسکەی چاوان ئەگۆڕنەوە .. جەژنێکە مایەی بڵندی و بەرقەرار بوونی رۆحی کەسایەتییە و هەر لەم جەژنەدا ئاوێتە ئەبینەوە و راز و نیازی تێدا ئەگۆڕینەوە .. جەژنێکە سەرجەم شارەکانی کوردستان چ لەمدیو و چ لەودیو گۆڕانی بەختەوەری تێدا ئەڵێینەوە .. من ئەپرسم: چ جەژنێ هێندەی جەژنی هونەرمەندان سنوور ئەبەزێنێ و هەموومان لە نیشتمانێکدا کۆ ئەکاتەوە، کە نیشتمانی عیشق و خۆشەویستییە؟



**- ئایا ئەو جۆرەی لە فکرتاندا بوو، ئەم سێهەمین فستیڤاڵە هەروا دەرچوو؟**

: کە گەیشتمە شاری سەقز، شەو بوو، شارەکە سەرتاسەری بە ملوانکەی بریسکە رابوو بووەوە ... کە گەیشتمە هۆڵەکە و پاش دەست پێکردن، ئەتگوت، مامۆستای ئازیز، مەناف ئێرانپەنا بۆم لە بۆسەدا بووە کە بە وشەی کوردی و شیعری هێمنی بڵندگۆ، بە دێم و دێم هەناوی وروژاندم، دەستی خۆش، نیوەڕۆش یەکەم رۆشنایی شانۆم بینی .. ئالەم شارە ورشە دارەدا هونەرم بەو دەروونە سادەیی و ناورۆکە پوخت و پڕمانایەوە بینی ... هەستی گەرم و راستگۆییم بینی .. خەڵوەتی عیشق و وادەی یەکبوونم بینی. پێشتر ئەم هونەرمەندانەم بینی لە سلێمانی، لە سەرنج و روخساریان تێر نەبووم، بۆیە کە هاتمە ماڵتان .. بەختەوەر بووم بە دیداریان شاد بوومەوە و سەرتاسەرم لە خۆشیاندا داگیرسا .. هەوڵی هونەری زۆر ئەبینم، ماندوو بوونی لە رادەبەدەر، خۆی ئاشنا دەکات .. حەز و ئارەزووی ئێگجار پڕ گڕوکەف خۆی ئاشکرا ئەکا، بەڵام حەیف و مەخابن .. زۆر بە داخم کە لە گەڵ ئەو پاساریە ناسک و ورەبەر و گورج و گۆڵانەدا کەسانێش هەن، ئەڵێی رقیان بەشیرەوە خوادووە وشە و وتەیان کردوێتە چەقۆ و جەستەی هونەرمەندانی کارکەر بریندار ئەکەن .. بە داخەوە کەسانێش هەن بە وتە رەق و توند و نابەجێ ئەو هەستە ناسکانەی هونەرمەندانیان رووشان .. ئەو هونەرمەندانە هێشتا ماویانە تا بەو وتانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن و ئەو قسە رەق و هەستە توندانەش لە ئاستی هونەرمەند بە دوورە و هەرگیز لە فەرهەنگی هونەر و هونەرمەندانا جێی نابێتەوە.

Scanned with CamScanner

هەر بۆیە بە بچووکی خۆمەوە لە گەورەیی ئێوە داوا ئەکەم اکارا بکەن و کارەکانتان، وتەکانتان بسەلمێنێ .. مێژوو قسە دروستی نەکردووە .. گەر بە قسە کردن بوایە لە مێژ بوو شانۆمان کەڵەگەت بووبوو. ئەو خەونە گەورانەی هەتانە کاری بۆ بکەن. ئەگەر ئەمرۆش نەبێ رۆژێ دادێ بە پێکەوە بوونمان ئێمە و ئێوە پێکەوە، دێتە دی و هەموومان گۆرانی خۆشەویستی تێدا بڵێینەوە.

**- وەک هونەرمەندێکی شانۆ، شانۆی کوردی لە ئاست شانۆی جیهانیدا چۆن نەبینی؟**

: ناکرێ خۆمان لە ئاست جیهاندا ببینین، چونکە ئێمە گرفتی زۆرمان لەبەردەمدا .. چ کۆمەڵایەتی .. چ هونەری و ... من وا ئەخوازم پێش ئەوەی ئارەزووی بە جیهان بوونی شانۆکەمان بکەین، با هەوڵ بدەین شانۆکەی خۆمان بە هی خۆمان بزانین و لە خەڵکانی راستگۆ سیخناخیان بکەین و پڕی بکەین لە دەنگی پان، لە هەست و رۆحی پاک .. هەوڵ بدەین و کۆشش بکەین ئەنجامی باش بێت، من چ هەوڵم بۆ بە جیهان بوون هەبێ و هارەش لە ناوەوە هەڵماتتەکێنێ ..

پێشنیار ئەکەم هەتا ئەتوانین اکارا بکەین و کەم قسە بکەین تا بڕوامان پێ دێنن و ئەگەر بڕواشیان پێ نەهێنایین، ئەوا هەر سەرگەرمی کارمان ئەبین.

**- سپاستان لێ دەکەم بۆ بەشداریتان لەم وت و وێژەدا.**

: ئەمنیش سوپاستان ئەکەم و هەر سەربەرز و ئاسوودە بن.

***

**پاشماوەی لاپەرەی (٦)**

پوستەرەجوانەکەی ئەم فستیڤاڵە و کاری کاک مەسعوودی رەحیمیە چاوی ژنەکە لەدەمامکەکەا سمێڵی پیاوەکەیە، ئەگەر چی پیاو بۆ شانۆ دەمامکی ژنی ناوەتە بەر چاوی خۆی بەڵام دەمامکی ژنێکی ناوەتە بەردەمی کە ژن جیهان لە سمێڵی پیاوەوە دەبینێ. بۆیە تەنیا دەتوانم بڵێم ژن لە واقیع و شانۆی ئێمەدا ئامادە بوون احوزوریکی) گونگ و لێڵ و چالاکی هەیە.

واتە ئێمە ژن لە هەموو شوێنێکدا دەبینین بەڵام ئەم ئامادە بوونە قەت پێناسەیەکی تازە و بەرۆژ و هاو ئاستی زەمەنی لێ نەکراوە.

**ئێستاش لە شانۆکانی ئێمەدا ژن بوونەوەرێکی ناسك، بەلەنجەولار، جوان و قەشەنگ، زبڤن، مێهرەبان و تاك رەهەندییە لە شانۆی ئێمەدا ژن یان دایکێکی مێهرەبانە بۆ کورەکەی، ژنێکی ئازایە بۆ شوەکەی، خوشکێکی دڵسۆزە بۆ براکەی و لە کۆتاییدا جار و بار دڵدارێکی جەفاکار، یان وەفادار و چیتر ... !!!؟ ئێوە بڵێن.**

ئایاکوو ئێوە شانۆیێک دەبینن کە دەستی نایێتە سەر رەهەندێکی دیکە لە بوون و هەستی ژن. بڕوا بکەن کە ژن تەنیا ئەوە نییە کە ئێمە پێناسەمان کردوە. بەڵکوو لایەن و رەهەندی دیکەش لە وجوودی ژندا هەیە کە لە بەر پیاوەتی خۆمان قەت نەمان هێڵاوە چەمکی «ژنیەتی»ش ببێت بە چەمکێکی پیرۆز وەک «پیاوەتی». ئێمە هەرگیز لە ژنانەیی ژن بیرمان نەکردوەتەوە.

ئەوەی کە لە کۆتاییدا دەتوانم بینووسم ئەوەیە کە من وا دەزانم کە چ ژن چ پیاو دەبێ هەست بە پێویستی دابڕانێکی مەعریفی بکەن لەو ئیپستمە مەعریفەییە کە تاکوو ئێستا کاری بە ژن کردوە و ژن کاری پێ کردوە. ژن دەبێ دووی ژنیەتی خۆی بکەوێ و ئێمە ژن لە گۆشە نیگایەکیترەوە ازاویە دیدا ببینن. ژن دەس هەڵبگرێ لەوەی کە بۆ پیاو بژیەت و وەک پیاو بژیەت. لە شانۆشدا دەبێ ئەرک و رۆڵی ژن و بەشداری کردنی، کایە کردنی ژن ... چیتر بە دوای ئەو دابڕانە مەعریفەییەوە بێت و ژیانێکیتر لە شانۆدا دەس پێبکات.

ژێدەر:

١ - گیدنز - آنتونی - جامعەشناسی - ترجمەی منوچهر صبوری - تهران ـ نشر نی ٧٦.
٢ - فوکو - میشل - مراقبت و تنبیه - حسین بشیریه - تهران نشر نی ٧٨.
٣ - درآمدی به جامعەشناسی ادبیات - محمد پوینده - نقش جریان - ٧٧.
٤ - فرهنگ جامعەشناسی - نیکلاس آبراکسبی و ... حسن پویان - چاپخش تهران - ٧٠.

Scanned with CamScanner

# ✓ ڕەخنە لە سەر

## سەرهەڵدانی گەڕاکان

**ئازاد سەوزە:** ئەم شانۆیە تا ڕادەیەکی باش ئاهێکی تێگەڕاندینۆ تا ئەو کارانەی کە هەمانە مایەی خۆش حاڵیمان بێت. ڕەوتی ئەوەی پێ بەخشینۆ کە دەکرێ لە ڕۆژەکانی داهاتوودا کاری جوانتر و باشتر ببینین. بە قەناعەتی من ئەکتەرەکان ڕۆڵی جوانیان بازی کرد و توانی تەماسێک لە نێوان کەسایەتی خۆی و بینەرانی ناو هۆڵەکە بەرقەرار کا و کارێکی سەرکەوتوو بوو.

**حەسەن عەدنانی:** جێگەی هەیە سپاس کەم لە هەیئەتی بازبین کە لە بەر ئەوەی کەیفیەتی جەشنوارەکە ببەنە سەرۆ ئەو کارەیان ئینتخاب کردبوو.

**هیوا مەنووچێهری:** بە داخەوە کارەکە ئەوەی نەبوو کە لە مەریوان لە کاتی بازبینیدا ئیجرا کرا، ئەو وەختە زۆر جوانتر بو. نازانم بۆچی وای لێ هات. بەڕاستی پێم سەیرە.

**موختار هووشمەند:** من زۆر شارەزای شانۆ نیم. بەڵام تەنیا وەک بینەرێکی شانۆ ئەتوانم بڵێم زۆر باش نەبوو.

**ئەییوب ناسری:** کارەکە یەکنەواخت بوو. بینەری ماندوو دەکرد. لە سەر نواندن و فەزاکانی ئیجراکە زۆر کار نەکرابوو. دەقەکەش نەیتوانیبوو ئەو پێوەندییانە لەگەڵ بینەر بەرقەرار کا.

## مەرگی سوور ـ مەرگی سەرد

**سەلیم کەریمی:** دەغدەغە و دڵەڕاوکێکانی ژنانی ئەوڕۆی وڵاتەکەمان یەکێ لەو خاڵە تایبەتیانە بوو کە نووسەر دەیویست بە دەقەوە نیشانی بدات، یا ئەتوانین بڵێن بە وتەی نووسەری فەرانسەوی «خۆی بنوسێتەوە» چون خۆیشی یەکێکە لە ژنانی وڵاتەکەی وا تووشی ئەو دڵەڕاوکێیانەن.

هەر لە بەر ئەوە بوو کە ئەکتەری شانۆکەی ـ چیمەن ـ بە دار و بەردا ئەدا بەڵکوو ئەو بنەما فیکریە بەسەر بینەرا بسەلمێنێ و بڵێ «ئێمەی ژنیش وەک پیاوان خاوەن مافین، هیچ لاوازییەکمان لە چاو ئەوان نییە. نووسەر ئەیەوێت ژن بە رای خۆی نیشان بدات نە ئەوجۆرەی لە واقیعدا هەیە. بەڵام ئەکتەرەکانی دەقەکە نەیان توانی بوو ئەکسیون یان فیکرە ئەسڵییە کە دەربخەن و بیسەلمێنن. بچڕاوییەکی زۆر بەرچاو لە کێشە دراماتیکەکانا بوو، نووسەر نەیتوانیبو ئەکتەرەکە بە جوانی ئێستریلیزە بکات و بە تەواوی لە خزمەتی دەقەکەی دابگرێ. ئەبوایە نووسەر لەم بەربلاوییە و شپرزەییەکە لە نێو ئەورووداوەدا هەیە، یەکێ یا دوو خاڵی گرنگی لە بەر چاو بگردایەت و لە سەر ئەوانە بدوایەت.

**قادری:** ئەکتەرەکە، واندێکی زۆر باشی بوو. بەڵام درێژدادرییەکی زۆرم دی لە کارەکەیا، کە بینەری ماندوو دەکرد.

**شیلان ڕەحمانی** بە پێکەنینەوە: من هیچ نەزەرێکم نییە.

**فەرهاد:** لەو داستان و ڕەوایەتە لای ئێمە زۆر ئاشنایە و شتێکی بەجێ هێشتووە چووتکو کۆمەڵێک گەنجمان لەو داستانەدا شەهید بوون و خەمێکی زۆری لای ئێمە بە جێ هێشتووە. بەڵام ئەکرا دەقەکە دەستکاری کرابێت و کورت ببوایەت. دێکۆری کارەکە (پردەکە) بۆ ئەکتەرەکە قورس بوو جووڵەی سەخت کردبوو دەرهێنەریش نەیتوانیبوو زۆر کەڵکی لێ وەرگرێ.

**ڕەزا یارئەحمەدی:** کارێک کە بتوانێت من رازی بکات ئەتوانم بڵێم کارێکی زۆر باشە. ئەو شتە لەگەڵ هەست و بیری من سازگارییەکی زۆر باشی بوو و تەواو لێی رازی بووم.

**عەلی شەریفی:** آفرینندەی عاجز ماندە برێل، نە راه پیش دارد نە راه پس). «نیچە»

لە دێکۆری کارەکە زۆر ئیستیفادەیان نەکردبوو. نواندنی خانمی مەلەکی زۆر باش بوو بەڵام جار و بار زۆر زەحمەتی ئەدا بە قورگی.

**زۆهری:** وەک بینەرێک ئەتوانم بڵێم مەتنەکە ئەبوا کارێکی زیاتری لە سەر بکرایەت. کاری ئەکتەر جوان بوو.

**هیوا مەنووچێهری:** دەست خۆشی بە گشتیان ئەڵێم. بە تایبەت بە ئەکتەرەکەیان. مەتنەکە جوان بوو بەڵام بە داخەوە کارگەردانی کارەکە لاواز بوو. بازیگر ئەیکۆشا زەعفی کارگەدانیەکە قەرەبوو کاتەوە.

## مارزادە خاتوون و خوێندنەوەیەکی خێرا

مەنسوور تەیفووری

تۆلستۆی بە نووسەرانی ڕەوایەت دەڵێ: مەڵێ بەڵکوو نیشان بدە.

لە گێڕاونەوەدا تۆ ئەو کاتە سەرکەوتووی کە خوێنەرێکی ئاسایی بە ڕەحەتی یان قەت نەتوانێت گێڕانەوەکەی تۆ بۆ کەسێکی دیکە دەقاودەق وەک خۆی بگێڕێتەوە. ڕەنگە لەشانۆشدا هەر ئەم هاوکێشەیە ڕاست دەر بچێ. واتە ئەو کاتەی کە شانۆ وەکوو چیرۆکێک لە سەر شانۆ بەڕێوە دەچێ و تەنیا تۆ چەن کەس دەبینی کە شتێک دەگێڕنەوە لە گەڵ ئەوەدا چەند جار دەنگ و ڕەنگ دەگۆڕێت بە ڕەحەتی دەتوانی هەموو شانۆکە بگێڕیتەوە و ئەوکاتە تۆ ئیتر شانۆت نەبینیوە. ڕەنگە قسەکەی تۆلستۆی بۆ شانۆش ڕاست دەربچێت کە هیچ مەگێڕەوە مەگەر ئەوکانەی کە زۆر پێویست بێت و تەنیا نیشانی بدە و ڕەنگە شانۆ لە ناو هونەرەکاندا بەختەوەرترین هونەر بێت کەدەتوانێ نیشان بدات و نەگێڕێتەوە. شانۆ نیشان دان و هیچیتر. جا هەر کەرەسەیەک کە هات دەبێ پاش نیشاندان بکەوێت. مارزادە خاتوون بە ئەو پەڕی تواناوە تەنیا فۆرمە و چیتر نا. فۆرمێکی تەواو کە وا دەکات تۆ بە تەنیا مەجبوور بیت بیر بکەیتەوە و شانۆکە وەک دەقێک هەڵبوەشێنیتەوە ئەگینا ناتوانی بیگێڕیتەوە. دەبێ ببینی. ڕەنگە مارزادە خاتوون تەنیا شانۆیەک بوو کە هەوڵی نمایش کردن و نواندنی تەنیا لە فورمدادا و قەت پشتی بە «حەکایەتی گەورە» و خۆبەستنەوە بە «مانای گەورە» وە نەکرد بەڵکوو تەنیا هەوڵی ئەو شانۆیە نیشاندان بوو کە تەنیا ئەرک و ڕاستەقینەترین تایبەتمەندی شانۆیە.

## ڕەخنە لەسەر شانۆی لاس و خەزاڵ

دیاری عومەر: نازانم بۆچی خەزاڵ ئەو جل و بەرگەی لەبەردا بوو. هەستێکم لە نواندنا نەدی. شەخسیەتی لاس تا ڕادەیەک باشتر بوو. جۆرێک شپرزەییم لە کارەکەدا دی.

شەهلا مەلەکی: کارەکە زەعیف بوو. ئینتیزارێکی زۆرترمان بوو.

پەریسا وریانی: کارەکەم زۆر بە دڵ نەبوو. خۆشم نەهات. بە نەزەر من بازیەکانیان هیچ حسێکی تیا نەبوو.

فەرهاد مورادی: زۆرتر وامئەزانی فیلمێکی هێندی ئەبینم. کارەکە زەعفی زۆر بوو. بێحەد یەکنەواخت بوو. بەلام دەرهێنەری کارەکە زرەنگ بوو.

## ڕاپۆرتێك

### پیشانگەی جل و بەرگی کوردی

لە دوایین ڕۆژی بەڕێوە چوونی فستیڤاڵەکە ملووکخانی وەکیلی پیشانگەیەکی کردەوە و ٢٨ جۆر جل و بەرگی کوردی لەو پیشانگەیەدا نەمایش کرا.

## داوای لێبووردن

لەژمارەی یەکەمی تایبەتنامەکەدا لە بەشی ناساندنی گرووپەکان گرووپی شانۆی **(مارزادە خاتوون)** لەبیر کرابوو. لەگەڵ ئەوەدا کە داوای لێبووردنێکی زۆرمان هەیە لە دۆستانی ئازیزی بۆکانیمان، هەرلێرەدا ناسنامەی ئەم گرووپە شانۆییە دەهێنین:

**نووسەر:** فەرەیدوون پێنجوێنی

**دەرهێنەر:** ڕەحیم عەبدولڕەحیمزادە

**ئەکتەرەکان:** سەعادەت بەدەوی

ئێران ئەحمەدپوور

**ڕووناکی:** هێمن عوسمان

**مۆسیقا:** ئەیووب ناسری

سمکۆ زۆهرابی

**بەرگ:** هاجەر سەفابەخش

**ئارایشت:** کەژاڵ موبارەکی

**پووستەر و برووشوور:**

ئاسۆ مامزادە

**یاریدەران:**

مەنسوور حسەینزادە

سەعد قارەمانی

بێهرووز ئەسراری

# اعضای ستاد اجرایی سومین جشنوارەی تئاتر کُردی

| | | |
|---|---|---|
| ـ مرتضی حیدری | فرماندار شهرستان سقز | رییس ستاد. |
| ـ عبدالخالق عبادی | رییس ادارەی فرهنگ و ارشاد اسلامی | دبیر ستاد. |
| ـ ابوالقاسم جمشیدلو | رییس ادارەی آموزش و پرورش | عضو ستاد. |
| ـ امیر قادری | شهردار سقز | عضو ستاد. |
| ـ غفور عزیزی | رییس شورای اسلامی شهر | عضو ستاد. |
| ـ عمر کاظمی | رییس مجامع امور صنفی | عضو ستاد. |
| ـ حسین فاتحی | رییس مجامع امور صنفی | عضو ستاد |
| ـ مسیحا مدنی | مدیریت جهاد کشاورزی | عضو ستاد. |
| ـ فاروق نقرەای | رییس دبیرستان شبانەروزی بسیج | عضو ستاد. |
| ـ اسماعیل پاشایی | رییس انجمن نمایش سقز | مسئول بخش اجرایی. |
| ـ مصطفی یاسینی | عضو هیأت امنای انجمن نمایش | مسئول پذیرایی و اسکان. |
| ـ جمیل منصوری | عضو هیأت امنای انجمن نمایش | مسئول پذیرایی و اسکان. |
| ـ محمدصالح عبدی | عضو هیأت امنای انجمن نمایش | مسئول روابط عمومی و تبلیغات. |
| ـ فریدون حامدی | عضو انجمن نمایش | مسئول جلسات نقد و بررسی. |
| ـ فاتح صالحی | عضو انجمن نمایش | مسئول سالن. |
| ـ هادی یزدانی | عضو انجمن نمایش | هیأت تحریریەی بولتن. |
| ـ رضا شجیعی | مسئول انجمن ادبی پەیڤ | هیأت تحریریەی بولتن. |
| ـ زاهد آرمی | عضو انجمن نمایش | هیأت تحریریەی بولتن. |
| ـ منصور تیفوری | عضو هیأت امنای انجمن ادبی پەیڤ | هیأت تحریریەی بولتن. |
| ـ اقبال رشیدی | مدیر مؤسسەی توحید کامپیوتر | تایپ و صفحەآرایی. |
| ـ فرهاد حامدی | دانشجو و عضو انجمن نمایش | گزارشگر بولتن. |
| ـ بایز افروزی | عضو انجمن سینمای جوان | عکاس بولتن. |
| ـ آرام صالحزاده | | عکاس بولتن. |
| ـ مسعود رحیمی | نقاش و مسئول آموزشگاه هنری ژیار | طراح پوستر و آرم جشنوارە. |

# THE 3TH KURDISH THEATRE FESTIVAL
## 13 - 16 Sep. 2001 SAQEZ. KURDISTAN

گەلێک کەس هەوڵی چالاکیان بۆ بەڕێوە چوونی ئەم فستیڤاڵەدا
کەئەکتەری پێویست بوون بۆ ئەوەی ژیان ئەوجۆرەی دەمانەوێ
بەڕێوە بچێ. بەم شێوە سپاسیان دەکەین و لامان وایە

**بنیامین** گوتەنی:

پێشکەوتنی مێژوو بەرهەمی ئەو رەنجە بێ سەر و شوێنانەیە کە
مێژوو لەبیری کردوون. ئەو رەنجانەی لە سەردەمی خاوەن
راکاندا ژیاون، زادەی ئەو رەنجە نەناسراوانەیە.



Scanned with CamScanner